# گومان دەبەن هیچ و بێ نرخن

# ( ٦٢ ) سزا بۆ گوناهـ وتاوان لە دونیادا

[ kurdish – کوردی – كردي ]

نووسینی : الامام ابن القیم الجوزیه

وەرگێڕانی: بەکەمێک دەستکاریەوە
بەشی کوردی لە ماڵپەڕی ئیسلام هاوس
پێداچونەوەی: پشتیوان سابیر عەزیز

١٤٣٠ - ٢٠٠٩

islamhouse.com

# ( وتحسبونه هيناً [ ٦٢ ]عقوبة للذنوب والمعاصي في الدنيا )

« باللغة الكوردية »

**المؤلف: الامام ابن القيم الجوزيه**

ترجمة: فريق القسم الكردي بموقع دار الإسلام

مراجعة: بشتيوان صابر عزيز

١٤٣٠ - ٢٠٠٩

islamhouse.com

# گومان دەبەن هیچ و بێ نرخن

# ( ٦٢ ) سزا بۆ گوناهـ وتاوان له دونیادا

## بەناوی خوای گەورە ومیهرەبان

الحمد لله نحمده ونستعينه ونستهديه ونستغفره ونعوذ بالله من شرور أنفسنا ومن سيئات أعمالنا، من يهده الله فلا مضل له، ومن يضلل فلا هادي له، وأشهد أن لا اله إلا الله وحده لا شريك له، وأشهد أن محمدا عبده ورسوله ( صلى الله عليه وسلم ) وعلى آله وأصحابه ومن تبعهم بإحسان إلى يوم الدين، أما بعد :

**ئیمامی ابن القیم الجوزیه ( ڕەحمەتی خوای لێ بێت ) دەڵێت :**

گومانی تێدا نیه تاوان وگوناهـ زیانی خۆی دەگەیەنێت، زیانەکەشی لەسەر دڵ وەك زیانی ژەهر وایه لەسەر لاشەو جەستە، ئەمەش بەپێی بچوك وگەورەی ئەو گوناهە دەگۆڕێت، ئایا لەدونیا ودواڕۆژیشدا هیچ شەڕ وخراپەیەك هەیە کە هۆکارەکەی نەگەڕێتەوە بۆ تاوان وگوناهکردن .

ئایا چ شتێك بوو بەهۆی دەرکردنی باوکە ئادەم ودایکە حەوا لەبەهەشت؟ بەهەشتێك بەو خۆشی وشادی وڕازاوەیی وجوانیەوە بۆ دونیایەکی پڕ لەکێشە وگرفت وناخۆشی ودڵتەنگی، ئایا هەر بێ فەرمانی پەروەردگار نەبوو ؟

وە یان ئایا هۆکاری دەرکردنی شەیتان چی بوو لەڕیزی فریشتەکان؟ وپاشتریش خوای گەورە لەبەر یاخی بوونی لە فەرمانەکانی زاتی حەق تەعالای لە ڕەحمەتی خۆی دەری کرد و وێنە دیار وشاراوەکانی ئەو نەفرین لێکراوەی بەتەواوی بۆ نەوەکانی ئادەم ڕۆشنکردەوە، وێنەیەك کە خراپترین وناشرینترین وێنەیە لەناو دروستکراوەکانی خوادا، بەشێوەیەك دیووی ناوەوەی ئەو شەیتانە گومڕایە زۆر خراپترە لە وێنە وکردارەکانی، هەموو ئەمانە بوون بەهۆی ئەوەی نزیکیەتی لە پەروەردگارەوە بگۆڕن بە دووری، وە لەبری ڕەحمەتی ئەو خودایە نەفرین هەڵبژێرێت وجوانیەکانمان لێتێك بدات ولەجێگای دا نابووتی وناشرینی دابنێت، وە بەهەشتمان لێ بسێنێتەوە وبیگۆڕێت بە دۆزەخ، لەسەروو

هەموویانەوە هەمیشە لەهەوڵدا بێت کوفر وبێباوەڕی لەدڵەکاندا بڕوێنێت وئیمانی لا ناشرین کات .

شەیتانێك هێندە یاخی وخۆ بەزل زان بوو خۆشەویستی پەروەردگاری گۆڕیەوە بە دوژمنایەتی ئاین وبەندەکانی، تەسبیحات ویادی خودای باڵادەستی وەلاوە نا وکوفر وشرك ودرۆ وبوهتان وفاحیشەی برەو پێدا، پۆشاك وکاڵای باوەڕ ویەکتاپەرستی لەبەر خۆی داکەند وپۆشاك وکاڵای بێباوەڕی وبت پەرستی وسەرکەشی وفیسقی بەبەر خۆیدا کرد، هەر لەبەر ئەم هۆیانە پەروەردگاری حەکیم ودانا وزانا وکاربەجێ خەشم وقینی خۆی لێگرت و بۆ هەتا هەتایی لە ڕەحم وسۆز ومیهرەبانی زاتی خۆی بێ بەشی کرد، هەر لەو ڕۆژەوە شەیتان بوو بە سەرکردە وڕێنمای کەری گشت بێباوەڕان وخراپەکاران ولەسنووردەرچوان، چونکە ئەو خۆی ڕازی بوو بەوەی بەندایەتی خوا بگۆڕێتەوە بە یاخی بوون، دەروون وخیلقەتی خۆی زۆرلا گەورەتر بوو لە فەرمانەکەی زاتی حەق تەعالا کاتێك فەرمانی پێکرد کە سوژدە بەرێت بۆ ئادەم، ( ئەی خودایە پەنا دەگرین بەتۆ لەوەی لەفەرمانەکانی تۆ یاخی ببین وجێ بەجێیان نەکەین ) .

وە ئایا چ شتێك بوو بەهۆی ئەوەی کە تۆفان وغەزەبی خودا هەموو سەر زەوی بگرێتەوە وبگاتە سەر لوتکەی چیاکان ؟

وە هۆکاری چی بوو پەروەردگار ڕەشەبای هەڵکردە سەر گەلی عاد وهەموویانی لەناو برد؟ بەجۆرێك هەموویان وەك ڕەگی ووشکی دارخورما لێکرد، نەك هەر ئەوەندە بەڵکو ئەو سزایەی خودا ماڵ وکێڵگە وکشتوکاڵ وئاژەڵەکانیشی گرتەوە، تاوەکو ببن بە پەند وعبرەت وئامۆژگاری بۆ ئوممەتەکانی دوای خۆیان هەتا ڕۆژی دوایی .

وە یان ئەوە چی بوو گەلی ثەموودی بەو دەردە برد کە دەنگێکی زۆر بەهێزی تۆقێنەریان بۆ ڕەوانەکرا بەنۆکەی دڵیانی بچڕی ؟ .

ئەی هۆکاری ئەوە چی بوو گوند وشار ودێهاتەکانی گەلی لوطی بەرز کردەوە بۆ ئاسمان؟ بەشێوەیەك کە فریشتەکانی ئاسمان گوێیان لە وەڕینی سەگەکانیان بوو، پاشان قلْپی کردنەوە وسەری کردنە خوار وخواری کردنە سەریان ولەناوی بردن، نەك هەر ئەوەندە لەپاشان بەرد بارانیشی کردن، بەڵێ خودا سزایەکی وای دان کە هیچ گەل وهۆزێکی وا سزا نەداوە، کردنی بە پەندی زەمانە بۆ تەواوی نەوەکانی سەر زەوی .

ئەی باشە هەر بەهۆی تاوانەوە نەبوو کە خوای گەورە هەورێکی ڕەشی وەك سێبەری

ڕەوانەی سەر گەلی شوعەیب کرد، کاتێك کە گەشتە ڕاسەریان پەروەردگار ئاگری باراند بەسەریاندا .

هەر سەرەنجامی تاوان وگوناهـ بوو خوای تەعالا فیرعەون وگەلەکەی نوقمی دەریای کرد، وپاشان ڕۆحەکانیانی ڕەوانەی دۆزەخ کرد، لاشەکانیان بۆ غەرق بوون لەدەریا وگیانەکانیشیان بۆ سوتان لە ئاگردا .

وە پێم ناڵێن قارون کە یاخی بوو لە خوای گەورە وزۆر دەنازی بە ماڵ وسەروەت وسامانەکەیەوە، چی وای لێکرد کە خۆی وسامان وخەدەم وحەشەمەکەشی ببرێت بەناخی زەویدا؟

وەیان سەرکەشی بەنی ئیسرائیل وای لەخۆیان کرد کە خوای گەورە چەندەها سزایان بنێرێتە سەر، جارێکیان بە کوشتن وبەدیل گرتنی ماڵ ومنداڵ وکاولکردنی وڵاتیان، جارێکیش بە ستەمکاری وزوڵم وزۆری پادشاو مەلیکەکانیان، دواجاریش هەر بەوەوە نەوەستا خوای گەورە کردنی بە مەیمون وبەراز، ئەمەش لەسزای ئەو هەموو ناز ونیعمەتەی کە پێیان درابوو بەڵام شوکریان لەسەر نەکرد ودەستیان کرد بە کوشتنی پێغەمبەران وپیاوچاکان وشوێن کەوتوانیان، هەر بۆیە خوای گەورە هەڕەشەی سزای پاشەڕۆژیشیان لێدەکات و دەفەرموێت : ( **وَإِذْ تَأَذَّنَ رَبُّكَ لَيَبْعَثَنَّ عَلَيْهِمْ إِلَى يَوْمِ الْقِيَامَةِ مَنْ يَسُومُهُمْ سُوءَ الْعَذَابِ ......** ) { الأعراف : ١٦٧ } .

واتە : یادی ئەو کاتە بکە کە پەروەردگارت بڕیاریدا وڕایگەیاند کە بێگومان کەسانێك دەنێرێتە سەریان تا ڕۆژی قیامەت، ئەشکەنجە وئازاری سەختیان بدات، چونکە بەڕاستی پەروەردگارت زۆر بەخێرایی تۆڵە دەستێنێت ( لەستەمکاران ) .....

- زانایانی سەلەف وتویانە : گوناهـ وتاوان گەیەنەر وپۆستی کوفر وبێباوەڕیە، هەروەك چۆن ماچکردن گەیەنەر وپۆستی جماع کردنە، هەروەها گۆرانی ووتن گەیەنەر وپۆستی داوێن پیسی یە، وە سەیرکردنیش گەیەنەر وپۆستی عشقە، هەروەك چۆن نەخۆشی گەیەنەر وپۆستی مردنە .
- هەروەها هەندێکی تر لەسەلەف ووتویانە : ئەگەر تاوانێك یان گوناهێك بکەین، شوێنەوارەکەیمان بەدیکردوە لە ڕەوشتی خێزان وئاژەڵەکانماندا ( واتە : گوناهکردنمان بووە بەهۆی خراپ مامەڵەکردنی خێزان وئاژەڵەکانمان لەگەڵماندا ) .
- لە ئیبن عەباسەوە گێڕاویانەتەوە کە فەرموویەتی : ئەی ئەو کەسەی کەتاوان وگوناهـ

دەکەیت هەرگیز بێخەم نەبیت لەخراپی ئەنجامەکەی، وەهەرکاتێك تاوانێکی گەورەت کرد لەدوای لێبونەوەت لەتاوانێکی تر بەڵگەیە لەسەر بێ شەرمیت بەرامبەر بەو دوو فریشتەیەی کە لەلای ڕاست وچەپت دانیشتوون، . . . . . . . . . . . دەك تێدا بچیت ئایا دەزانیت گوناهـی ئەیوب پێغەمبەر ( علیه السلام ) چی بوو کەخوای گەورە تووشی تاقی کردنەوەیەکی وای کرد، کە سەروەت وسامانی تێدا چوو لەهەمان کاتدا تووشی نەخۆشیەکی درێژخایەنی کرد؟ هۆکەی ئەوە بوو هەژارێك هاواری بۆ هێنا کەڕزگاری بکات لەدەست ستەمکارێك، کەچی نەچوو بەدەمیەوە ودەستی کابرای ستەمکاری نەگرت کە ستەم نەکات، ئەوەبوو خوای گەورە تووشی ئەوتاقی کردنەوەیەی کرد .

- هەروەها لە جێگایەکی تردا عەبدوڵڵای کوڕی عەباس ( خوای لێ ڕازی بێت ) دەفەرموێت : تاوان وگوناهـ ڕومەت وڕوخساری مرۆڤ دێز وڕووتاڵ دەکات، ونوور لە دڵەکاندا هەڵدەگرێت وتاریکیان دەکات، وە دەبێتە هۆی کەمی ونەبوونی بەرەکەت لە ڕزق وڕۆزی وڕق وقینی خەڵکیش لەو کەسە .
- فضیلی کوڕی عیاض ئەڵێت : بەئەندازەی ئەوەی کە تاوان وگوناهـ لای تۆ بچووك وکەم بایەخ بێت، لای خوای گەورە زۆر گەورەیە، وە بەئەندازەی ئەوەی تاوان وگوناهـ لای تۆ گەورە بێت، لای خوای گەورە بچووك وکەم بایەخە .
- یەحیای کوڕی موعاذی الرازی ئەڵێت : زۆر سەرم سووڕ دەمێنێت لەو کەسەی کە دەپاڕێتەوە لەخوای گەورە ودەڵێت ئەی خوای گەورە دوژمنەکانمان بەسەرماندا زاڵ مەکە، کەچی خۆی بەدەستی خۆی هەموو دوژمنەکانی زاڵ دەکات بەسەر خۆیدا، ووتیان باشە چۆن؟ ئەویش ووتی : ئەو کەسە بێ فەرمانی خوا دەکات، بەو کارەشی دوژمنەکانی زاڵ دەکات بەسەر خۆیدا و لەڕۆژی دوایشدا دەکەونە دەمەقاڵێ لەناو یەکتردا .
- ئیمامی ئەحمەدی کوڕی حەنبەلیش دەڵێت : وەلید بۆی گێڕاینەوە کە لە ئیمامی ئەوزاعی بیستووە، ئەویش لە بلالی کوڕی سەعدەوە کە ووتویەتی : هەرگیز سەیری بچووکی تاوان وگوناهـ نەکەیت، بەڵکو سەیری ئەو کەسە بکە کە سەرپێچیت کردوە کە خوای گەورەیە .
- محمدی کوڕی سیرین دەڵێت : کاتێك قەرزێکی زۆرم کەوتە سەر تووشی خەفەت ودڵتەنگی بووم، دواتر دەڵێت : بێگومان دڵنیابووم بەهۆی گوناهێکەوە تووشم بوو کە

چل ساڵ پێش ئەوە ئەنجامم دابوو .

جا لێرەدا خاڵێك هەیە پێویستە بیرمان نەچێت ئەویش ئەوەیە خەڵكی لەم مەسئەلەیەدا بەهەڵە چوون، ئەویش ئەوەیە كاریگەری ئەو تاوانە هەست پێ ناكەن لەكاتی ئەنجام دانی تاوانەكەدا، چونكە هەندێك جار كاریگەری ئەو تاوانە دوادەكەوێت، جا ئەو كەسە لەبیری دەچێتەوە و وا گومان دەبات ئیتر بەسەریدا تێپەڕیووە ووازی لێهێنراوە، پاكی وبێگەردی بۆ ئەو خوایەی كە بەهۆی گوناهـ وتاوانەوە خەڵكێكی زۆری لەناوبرد ونازو نیعمەتی خۆی لێگرتنەوە، وچەند بەڵا وموصیبەتی بەسەردا ڕشتن ..........

# سزای گوناهـ وتاوانەکان

گوناهـ وتاوان کاریگەری زۆر خراپ وقێزەونیان هەیە، بەشێوەیەك زیانی گەورە دەگەیەنن بە دڵ ودەروون ولاشە وجەستەی مرۆڤ لە دونیا وقیامەتدا، مەگەر تەنها پەروەردگار بیانزانێت لەو زیانانەش[1] :-

**١- گرتنەوەی زانست وزانیاری :**

گومانی تێدا نیە زانست وزانیاری نوورێکە خوای گەورە دەیخاتە نێو دڵەکانەوە، بەڵام گوناهـ وتاوان دەبن بە مایەی کوژاندنەوەی ئەو نوورە، هەر بۆیە دەبینین کاتێك ئیمامی شافعی لەبەردەم ئیمامی مالیکدا دانیشتبوو کە هەندێك لەو زانستەی بۆ دەخوێندەوە، ئیمامی مالیك سەری سوڕما لەزیرەکی وڕادەی تێگەشتنی ئیمامی شافعی، پاشان ووتی : من وا دەبینم کەخوای گەورە نورێکی گەورەی خستوەتە دڵی تۆوە، جا نەکەی بە تاریکی تاوان وگوناهـ بیکوژێنیتەوە .

**٢- گرتنەوەی ڕزق وڕۆزی :**

لە مەسنەدی ئیمامی ئەحمەد داهاتوە کە پێغەمبەری خوا ( صلی الله علیه وسلم ) فەرموویەتی : " ان العبد لیحرم بالذنب یصیبه " [2] واتە : بێگومان کەس هەیە بەهۆی تاوان وگوناهیەوە خوای گەورە ڕزق وڕۆزی لێدەگرێتەوە .

هەروەکو چۆن تەقواو ولەخوداترسان ڕزق وڕۆزی زیاد دەکات، بەهەمان شێوەش ئەنجام نەدانی تەقواو هەژاری وکەم دەستی لێدەکەوێتەوە .

**٣- دڵتەنگی وخەمۆکی :**

دڵتەنگی وخەمۆکیەکی وا دڵ ودەروونی دا دەگرێت کە لەنێوان خۆی وخودادا هەست بەهیچ لەزەت وخۆشیەك ناکات، هەرچەند هەرچی لەزەت وخۆشی دونیا هەیە لەبەردەستی بێت چونکە تاوان وگوناهـ دڵی داگرتووە، ئەمەش کارێکە کەس هەستی پێ ناکات ئەو کەسە نەبێت کە دڵی بەنووری ئیمان وباوەڕ ژیابێتەوە، چونکە وەك مەسئەلەیەکی عەرەبی هەیە دەڵێت : وما لجرح بمیت إیلام ، واتە برین ئازار ناگەیەنێت بەکەسی مردوو،

---

[1] ژمارەدانان بۆ ئەم سزایانە لەم پەرتووکەدا، تەنها بۆ ئەوەیە تێگەیشتنی ئاسان بێت .

[2] مسند الامام احمد (٢٨٠،٢٨٢/٥) لەحەدیثێکی ثوبان ( رضی الله عنه ) .

دڵێکیش مردوو بێت ونووری ئیمانی تێدا نەبێت بێگومان هەست ناکات بە لەزەت وخۆشی عیبادەت، خۆ ئەگەر ئەو کەسەشی واز لەگوناهـ دەهێنێت تەنها لەبەر ئەوەش بێت کە تووشی دڵتەنگی وخەمۆکی و وەحشەتی دەروونی نەبێت، بێگومان ئـەو کەسـە کەسێکی ژیر وعاقڵە وخۆشبەخت دەبێت لەژیانیدا .

**٤- نامۆ بوونی لەناو خەڵکدا :**

کەسی گوناهبار تووشی نامۆ بونێك دەبێت لەناو خەڵکدا بەشێوەیەك بێز لەخۆی بکاتەوە، بەتایبەتی لەناو کەسانی خواناس وخێرۆمەندا، بەئەندازەیەك هەتا لەناو گوناهـ وتاواندا بتلێتەوە هێندەی تر لەناویاندا دوور دەکەوێتەوە ونامۆ دەبێت بە کۆڕ وکۆبوونەوەیان، لەگەڵ ئەوەشدا زیاتر لە شەیتان وبێچووەکانی نزیك دەکەوێتەوە، بەهەر هەنگاوێکی نزیك بوونەوەی لە دەستەی شەیتان هەنگاوێکیش لە دەستەی خواناسان وپارێزکاران دوور دەکەوێتەوە، هەتا وای لێ دێت تووشی ئەو دوورە پەرێزی ونامۆبوونەشی دەکات لەگەڵ خزم وکەس وکاری وبگرە لەگەڵ خێزانی وکچ وکوڕەکانی خۆشیدا .

**٥- گران بوونی کار وبار لەبەردەستی :**

کەسی تاوانبار وگوناهبار هەموو کار وبارێکی لا قورس وگران دەبێت، بەشێوەیەك دەست دەبات بۆ هەرشتێك نایەت بەدەستیەوە وعاصی دەبێت لێی، هەروەك چۆن هەرکەسیش تەقوای خودای هەبێت هەموو کاروبارێکی بۆ ئاسان دەبێت، ئای خوایە گیان ئادەمیزاد چۆن دەرك بەوە ناکات بەهۆی چیەوەیە هەموو دەرگاکانی خێر وبەرژەوەندیەکانی لەسەر داخراوە وهەموو ڕێگاکانیشی لێ تەسك بووەتەوە ودونیای لێ بوەتە چەرمە چۆلەکە ؟! ئایا نازانێت ئەوە کاری گوناهـ وتاوانە ؟

**٦- هەست کردن بەڕەشی وتاریك بوونی دڵ :**

هەست بەو ڕاستی وحەقیقەتی تاریك بوونی دڵی دەکات، هەروەك چۆن هەست دەکات بەتاریکی شەوێکی ئەنگوستە چاو، چونکە گوناهـ وتاوان هێندە دڵی تاریك وڕەش کردوە وەك تاریکی بەرچاوەکانی هەستی پێ دەکات، لەڕاستیدا طاعەت وگوێڕایەڵی پەروەردگار نوورە وتاوان وگوناهیش ڕەشی وتاریکیە، بەئەندازەی ئەوەش کە لەگوناهـ وتاواندا ڕۆبچێت بەو ئەندازەیەش لە گومڕایی وسەر لێشێواوی وهۆکارەکانی تیاچوون نیزك دەبێتەوە کە بەخۆشی نازانێت تا ئەو کاتەی کەدەستی بەهیچ جێگایەك ناگات وکەسیش فریای ناکەوێت خودا پەنامان بدات، وەك ئەو کوێرەی لێ دێت کەلەشەوێکی تاریکدا

بەتەنها دەچێتە دەرەوە وپێش وپاشی خۆی نابینێت .

**٧- گوناهـ وتاوان دڵ وجەستەی ئادەمیزاد بێهێز دەكات :**

لاوازكردنی دڵ بەهۆی تاوانەوە شتێكی حەتمی وحاشاهەڵنەگرە، گوناهـ وتاوان هێندە دڵی مرۆڤ لاواز دەكەن تابەتەواوەتی ژیانی تێدا ناهێڵن وخاوەنەكەی بەرەو تیاچوون دەبەن، وە بەنسبەت لاوازكردنی جەستەوە ئاشكرایە باوەڕدار بەهێزیەكەی لە هێزی دڵ ودەروونیدایە، هەركاتێك دڵی بەهێز ببێت جەستەشی بەهێز دەبێت لەگەڵیدا، بەڵام مرۆڤی بێباوەڕ وتاوانبار وگوناهبار هەرچەند جەستەشی بەڕواڵەت بەهێز بێت، كەچی هەر لاوازە چونكە ئەو هێزەی جەستەی لەكاتی پێویستیدا ناگاتە فریایی ئەگەر هاتوو دڵی نەخۆش ولاواز بوو ( مەبەستمان پێی نەخۆش ولاوازی لایەنی ڕۆحی بوو، چونكە ئاشكرایە هەروەك چۆن گەدەو كۆ ئەندامەكانی مرۆڤ پێویستیان بەخۆراك هەیە ئاواش ڕۆحی پێویستی بەجۆرە خۆراكێك هەیە كە ئارامی وئاسوودەیی پێ ببەخشێت، ئەوەش تەنها لەباوەڕێكی بەهێزی بتەوی گۆشكراو و یەكتاپەرستیەوە هەڵدەقوڵێت) .

**٨- بێبەش كردنی لە طاعەتی پەروەردگار :**

ئەگەر بێتو تاوان وگوناهـ هیچ سزایەكی نەبێت بۆ خاوەنەكەی ئەوە نەبێت بێ بەشی بكات لەطاعەت وگوێڕایەڵی پەروەردگار، ئەو كەسە بەسیەتی كە بەهۆی تاوانەكانیەوە بێ بەش ببێت لە خۆش نوودی ڕۆژی دوایی، چونكە بەهەر گوناهێك مرۆڤ طاعەتێكی خوای گەورە لەدەست دەدا، وە بەكردنی هەموو گوناهێكیش ڕێگای چاكەت لەسەر خۆت داخستوە، وە گوناهـ گوناهیش ڕادەكێشێت تا وای لێدێت خاوەنەكەی لەدەریای گوناهەكانیدا نوقم دەبێت وبیری نامێنێت بەلای ئەوەی كە بەكردنی ئەو گوناهانە بەهەشتێكی ڕازاوەی لەكیس خۆی داوە كە لەهەموو دونیا وئەوەیشی تێیدایە باشتر وچاكترە .

**٩- گوناهـ تەمەنی مرۆڤ كوورت دەكات وبەرەكەتی تێدا ناهێڵێت:**

هەروەك چۆن چاكە وخێركردن بەركەت دەخاتە تەمەنی مرۆڤەوە، ئابەوشێوەیەش تاوان وگوناهـ كردن بەرەكەتی تەمەنی مرۆڤ ناهێڵێت، جا هەركاتێك ئادەمیزاد پشتی لەبەرنامەكەی خودا كرد وسەرگەرمی تاوان وگوناهـ بوو، ئەوە بەڕاستی تەمەنی خۆی بەفێڕۆ دا، ئەو تەمەنەی كە پێویست بوو لە گوێڕایەڵی خوای گەورەدا سەرفی بكات وپەشیمان نەبێتەوە لە ڕۆژەكانی ژیانی لەو كاتەی كە فریشتەی گیان كێشان دێت گیانی بكێشێت وئەویش هیچی ئامادە نەكردوە بۆ ئەو سەفەرە نەبڕاوە و پڕ بەدەمی هاوار دەكات

**( ربى ارجعون لعلي أعمل صالحا )** ئەی خودایە بمگێڕەوە بۆ دونیا تاوەکو کردەوەی چاك بکەم، بەڵام ئەوە خۆزگە وداوایەکە هەرگیز جێ بەجێ ناکرێت چونکە **( کلا إنها کلمة هو قائلها ومن ورائهم برزخ إلى یوم یبعثون )** ئەوە تەنها وتەیەکە لەو دیوویەوە ژیانی ناوگۆڕ دەست پێ دەکات هەتا ڕۆژی زیندوو بونەوە .

جا کەسی گوناهبار کاتێك سەرگەرمی تاوان وگوناهـ دەبێت مانای ئەوەیە بەرژەوەندیەکانی دونیا ودواڕۆژی خۆی پشتگوێ خستووە، چونکە ئەگەر بەرژەوەندیەکانی قیامەتی خۆی لەبەرچاو بێت ئەوەبێت بەهەوڵ وکۆششی لەدونیادا قیامەتی ئاوەدان بکاتەوە، نەوەك لەپڕ فریشتەی گیان کێشان هات وفرسەتی ئەوەی نەما چاکەیەك پێش خۆی بخات، بەمەش خەسارۆمەندی هەتا هەتایی بەشی بێت ( خوا پەنامان بدات ) ئیتر ئایا ئەمە مانای بێ بەرەکەتی ناگەیەنێت لە تەمەنی ئەو کەسەدا.

**١٠- تاوان پەلکێشت دەکات بۆ تاوانی تر :**

تاوان وگوناهـ تاوانی تر بەداوی خۆیدا دەهێنێت و خاوەنەکەی پەلکێش دەکات بۆ گوناهی تر، تا وای لێدێت زۆر ناڕەحەت دەبێت لەسەر ئەو کەسە کەواز لەو گوناهانە بێنێت ئەویش لەبەر ئەوەی ئالودە بووە پێوەی، جا ئەگەر باوەڕدار کەوتە ناو گوناهـ وتاوانێکەوە خێرا تەوبەی لێبکات وپەشیمانی دەرببڕێت، وە گەرنا گوناهـ دڵ ودەروونی مرۆڤ ڕەش وپەستی دەکات ودونیا لەسەر خاوەنەکەی تەسك دەکاتەوە، بەشێوەیەك هەست دەکات وەك ئەو ماسیە وایە کە ئاوی لێ ببڕێت چۆن ناڕەحەت دەبێت هەتاوەکو ئەو کاتەی دەگەڕێتەوە ناو ئاو و دەروونی جارێکی تر سەقام دەگرێتەوە، کەسێکیش کە ڕاهاتبێت لەسەر چاکە وئیحسان کاتێك گوناهێك دەکات دەروونی ئازاری دەدات هەتاوەکو ئیستغفار دەکات وداوای لێخۆش بوون لەخودا دەکات، بەڵام کەسی ئالودە بوو بەگوناهـ وتاوان ئەم هەستەی لادروست نابێت ئەویش لەبەر ئەوەی ڕاهاتووە لەسەر مەعصیەت وتاوان بەجۆرێك ئەگەر دابڕێت لێی هەست بە دڵتەنگی ونائارامی دەکات هەتا جارێکی تر دەگەڕێتەوە سەری، چونکە ئەم کەسە پێوەرەکانی لێ تێکچووە، چاکی لاخراپە وخراپیشی لاچاکە .

**١١- گوناهـ وتاوان دڵ لاواز دەکات وئیرادەی لێ دەسێنێتەوە :**

بەڵێ خۆشەویستان تاوان وگوناهـ ئیرادە وویستی خراپەکاری لای خاوەنەکەی بەهێز دەکات وئیرادەی تەوبە وپەشیمانیش هێواش هێواش لاواز دەکات تاوای لێ دێت بەیەکجاری ئیرادەی تەوبە وگەڕانەوە بۆلای خوای گەورە ناهێڵێت، تەنانەت ئەگەر

لايەكيشی بمرێت ئیرادەی ئەوە ناكات چاوێك بەخۆیدا بخشێنێتەوە وبیرێك لەمردن وناوگۆڕ بكاتەوە وتەوبە بكات .
ئەم جۆرە كەسانە جار جار ئیرادەیەك دەكەن بۆ تەوبەكردن بەڵام تەوبەی درۆزنەكانە، تەوبەیەكە تەنها بەزمانە وبەڕاستی نەچوەتە ناو دڵیانەوە، چونكە دڵەكانیان لێوان لێوە لە گوناهـ وتاوان وهەمیشە سوریشن لەسەری وبەهیچ شێوەیەك دەسبەرداری نابن ولەهەڵێك دەگەڕێن كە گوناهـ وتاوانی تێدا بكەن وهەركاتێكیش بۆیان بلوێت درێغی ناكەن لە گوناهـ وتاوان وبێ فەرمانی خوا وپێغەمبەرەكەی ( صلی الله علیه وسلم ) ، ئەمەش گەورەترین نەخۆشیە ونزیكترین شتێكیشە كە دەبێت بەهۆی تیاچوون وهیلاكی ئەو كەسە.

**١٢- ناشرین بوونی گوناهـ لەدڵەكاندا هەڵدەگرێت :**

گوناهـ وتاوان بەشێوەیەك دڵ ڕەش دەكات كە ناشرین بوونی گوناهی تێدا ناهێڵێت، واتە گوناهكردن لای زۆر ئاسایی دەبێت وبەهیچ شێوەیەك گوێ بەقسەی خەڵكی وئامۆژگاریەكانیان نادات، نەك هەر ئەوەندە بگرە زۆر لەزەتیشی لێوەردەگرێت وشانازی دەكات كە فلان گوناهـ وفلان تاوانی كردوە و پێی خۆشە ئەگەر كەسێكیش نەیزانیبێت ئەو گوناهەی كردوە بۆی بگێڕێتەوە وپێی بڵێت : ئەزانیت من واو وام كرد، بەڵێ خۆی بەگوناهەوە هەڵدەكێشێت ( خوا پەنامان بدات ) جورئەتی ئەوە دەكات لەبەرامبەر خوای گەورە وباڵادەستدا بوەستێت، ئەم جۆرە كەسانە هەرگیز خۆشبەخت نابن نە لەدونیا ونە لەقیامەتیشدا، وە زۆر جاریش دەرگای تەوبەیان لەسەر دادەخرێت وشەیتان ڕێگەی ئەوەیان نادات تەوبە بكەن، هەروەك پێغەمبەری خوا ( صلی الله علیه وسلم ) لەبارەیانە دەفەرموێت : " كل أمتي معافى إلا المجاهرون "[٣] واتە : هەموو ئومەتی من عەفو دەركێن، جگە ئەو كەسانە نەبێت تاوان وگوناهـ بە ئاشكرا دەكەن وپاشانیش خۆیانی پێوە هەڵدەكێشن وباسی دەكەن لای كەسانی دیكە .

**١٣- گوناهـ وتاوان میرات وكەلەپوری ئەو گەلانەیە خوا لەناوی بردن :**

هەر تاوان وگوناهێك ئێستا كە هەستی پێ دەكرێت میرات وكەلەپوری یەكێك لەو گەلانەیە كە خوای گەورە سزای سەختی بەسەردا ڕشتن، (لواطە = نێربازی ) میرات وماوەی

---

[٣] أخرجه البخاری ( ٥٠١/١٠) كتاب الأدب : باب ستر المؤمن علی نفسه، ومسلم ( ٢٩٩٠ ) كتاب الزهد والرقائق : باب النهی عن هتك الإنسان ستر نفسه، من حدیث أبي هریرة ( رضی الله عنه ) .

گەلی لوط بوو، ترازوو بازیش میراتی گەلی شعیب بوو، سەرسەختی وملهوڕی لەزەویدا میراتی فیرعەون بوو، لوت بەرزی وخۆبەزل زانینیش میراتو کەلەپوری گەلی هود بوو، بەگشتی سەرکەشی ویاخی بوون لەخوای گەورە کالآی زۆرێك لەو گەلانە بوو کە خوای گەورە لەناوبردن وسزای سەختی بەسەردا ڕشتن .

**١٤ـ گوناهـ وتاوان خاوەنەکەی بێ نرخ وسووك دەکات لای خوا :**

گومانی تێدا نیە گوناهـ وتاوان هۆکارێکە بۆ سووك سەیرکردنی کەسی گوناهبار لەلایەن خوای گەورەوە، تاوای لێدێت ئەو کەسە هیچ قەدر وڕێزێکی نامێنێت لای پەروەردگاری .

حەسەنی بەصری ( ڕەحمەتی خوای لێ بێت ) دەڵێت : گوناهـ وتاوانی زۆریان کرد فەرمانەکانی خوایان لا سووك وبێ نرخ بوو، بەڵام کە فەرمانەکانی خوایان بەرز ڕاگرت پەروەردگاریش ئەوانی پاراست، جا هەرکەسێکیش خوا سووك وڕسوای بکات هیچ کەس ناتوانێت ڕێزداری بکات، هەروەك پەروەردگار لەقورئاندا دەفەرموێت : ( **وَمَنْ يُهِنِ اللَّهُ فَمَا لَهُ مِنْ مُكْرِمٍ** ... ) { الحج : ١٨ } . واتە : هەرکەس خوای گەورە بێ ڕێز وڕسوای بکات هیچ کەس ناتوانێت ڕێزداری بکات . هەرچەند جاری واهەیە بەڕوالەت دەبینیت خەڵك ڕێزیان لێدەگرن، بەڵام ئەوە تەنها لەبەر ئەوەیە کە خەڵکی پێویستی یەکیان پێیانە، یان لەخراپە وشەڕیان دەترسن، بەڵام ئەگەر بتوانیت ناخیان بخوێنیتەوە بۆت دەردەکەوێت کە بێنرخترین کەس لایان ئەو کەسانەن .

**١٥ـ بەردەوام ئادەمیزاد تاوان وگوناهـ دەکات هەتاوەکو هەموو تاوانەکانی لای بچوك دەبێت :**

ئەمەش هۆکارێکی لەناوربردن وتیاچوونی مرۆڤەکانە، چوکە گوناهـ وتاوان هەرچەندە لەبەرچاوی ئادەمیزاد بچووك بێت بەڵام لای خوا هەر گەورەیە.

ئیمامی بوخاری لە صەحیحەکەیدا هێناویەتی کە عەبدوڵڵای کوڕی مەسعود ( خوای لێ ڕازی بێت ) فەرموویەتی : مرۆڤی باوەڕدار سەیری تاوانەکانی دەکات وەك ئەوەی چیایەکی گەورە بێت ئەترسێت لەوەی ڕۆژێك بکەوێت بەسەریدا، بەڵام کەسی فاجر وفاسق وتاوانبار گوناهەکانی خۆی وەك مێشێك دێتە پێش چاوی کە نیشتبێت بەسەر لوتیەوە، دەستێکی لێ ڕاوەشێنێت هەڵبفڕێت وبڕوات .

**١٦ـ بەهۆی گوناهـ وتاوانی خراپەکارانەوە، ئاژەڵ وباڵندەکانیش سزا ئەیانگێرێتەوە :**

ئەبو هورەیرە ( خوای لێ ڕازی بێت ) دەفەرموێت : باڵندەکان گیانیان دەسپێرن بەهۆی

ستەم وخراپەی ستەمکارانەوە، وە موجاهدیش دەڵێت : هەر کاتێك قات وقڕی وووشکە ساڵی دونیا بگرێتەوە ئاژەڵەکان نەفرین دەکەن لە تاوانباران وگوناهکارانی ئادەمیزاد، وهاوار دەکەن ودەڵێن ئا ئەمە بەهۆی گوناهی ئێوەوەیە توشمان بووە.

هەروەها عەکریمەش دەڵێت : گیانداران وئاژەڵانی سەرزەوی، تەنانەت مار ودووپشکی ناو کونەکانیش بەیەکەوە هاوار دەکەن : بەهۆی گوناهی ئادەمیزادەوە خودا بارانی لێگرتوینەتەوە .

بەڵێ ئادەمیزادی گوناهبار بە گوناهەکانی خۆشیەوە داناکەوێت، تا ئەو ئەندازەیەی کە دەبێت نەفرینی ئەو گیاندارانەش هەڵبگرێت کە هیچ تاوانێکیان نیە .

**١٧- گوناهـ وتاوان سەرشۆڕی بەداوی خۆیدا دەهێنێت :**

سەربەرزی وشکۆمەندی تەنها لە طاعەتی خوا وپێغەمبەری خواوە ( صلی الله علیه وسلم) سەرچاوە دەگرێت، وەك خوای گەورە دەفەرموێت : ( **مَنْ كَانَ يُرِيدُ الْعِزَّةَ فَلِلَّهِ الْعِزَّةُ جَمِيعًا**) { الفاطر : ١٠ } واتە : هەرکەس عیزەت وسەربەرزی دەوێت، ئەوە هەموو سەربەزیەکان لای خوای گەورەیە . بەو مانایەی هەرکەس سەربەرزی دونیا ودواڕۆژیشی دەوێت ئەوە با لەخوای گەورەی داوا بکات ئەویش بەطاعەت وگوێڕایەڵی ئەو زاتە پیرۆزە .

هەروەك دەبینین سەلەفی صالحی ئەم ئوممەتە هەمیشە دوعا وپاڕانەوەیان ئەوە بووە:(اللهم أعزني بطاعتك ولا تذلني بمعصيتك) واتە : ئەی خوای گەورە بە طاعەتی زاتی خۆت سەربەرز وشکۆمەندمان بکە، وە هەرگیز بەسەرپێچی وبێ فەرمانیەکانت زەلیل وسەر شۆڕمان نەکەیت .

**١٨- گوناهـ وتاوان عەقڵ وژیری خراپ دەکات :**

گومان لەوەدا نیە عەقڵ وژیری نووری خۆیان هەیە، لەبەر ئەوە هەرکاتێك ئادەمیزاد گوناهی کرد بە گوناهەکانی ئەو نووری عەقڵی خۆی دەکوژێنێتەوە، وەهەرکاتێکیش نووری ژیری وعەقڵ کوژایەوە ووردە ووردە لاواز دەبێت وکەم دەکات .

هەندێك لەسەلەف فەرموویانە : هیچ کەسێك سەرپێچی خودا ناکات، تا ئەو کاتەی کە عەقڵ وژیری نامێنێت، ئەمەش شتێکی ڕوون وئاشکرایە، چونکە ئەگەر عەقڵی هەبوایە بەرگری دەکرد لەو تاوان وگوناهانەی کە ئەنجامیان دەدا، لەکاتێکدا ئەو کەسە ناتوانێت لەژێر دەسەلاتی خودا ڕابکات وهەڵبێت، وەهەرچیەکیش ئەکات پەروەردگار ئاگای لێیەتی، ئەگەر

لەماڵی خۆیدا بێت یان لەناو جێگاکەی بێت، هەروەها فریشتەکانیش شاهیدن بەسەریەوە وتەماشای دەکەن، لەسەروو هەموو ئەمانەوە ئامۆژگاریەکانی قورئان وئیمان ومردن وئاگری دۆزەخیش قەدەغەی لێ دەکەن کە ئەو کارە نەکات، بەڵام سەرکەشی ولەزەتی گوناهـ وازی لێ ناهێنن وگوێ بەهیچ لەوانەنادات، ئەو خەیر وبەرەکەتەی دونیا ودواڕۆژیش کە لەکیسی دەچێت بەهۆی گوناهـ وتاوانەوە زۆر زۆر لەو خۆشی ولەزەتە زیاترن کە لەو گوناهەی دەبات، یان هەر بەراورد ناکرێت، جا خۆتان حەکەم بن کەسێك خاوەنی ژیری وعەقڵ بێت لەزەت وخۆشی دونیا ودواڕۆژ ئەگۆڕێتەوە بەساتێك لەزەتی گوناهـ وتاوان .

**١٩- گوناهـ وتاوان ئەگەر کەڵەکە بوون لەسەر یەك دەبن بەمۆرێك ودەنرێن بەسەر دڵی خاوەنەکەیەوە، ودەخرێتە ڕیزی بێ ئاگا وغافڵەکانەوە :**

هەروەك هەندێك لەسەلەف لەتەفسیری ئەم ئایەتەدا ( **كَلَّا بَلْ رَانَ عَلَى قُلُوبِهِمْ مَا كَانُوا يَكْسِبُونَ** ) { المطففين } ووتویانە : هێندە گوناهی لەسەر یەك کردوە وگوێی پێنەداوە تا بووە بە پارچەیەکی ڕەش لەسەر دڵی .

حەسەنی بەصریش لەم بارەیەوە ووتویەتی : گوناهـ لەسەر گوناهـ هەتاوەکو دڵی کوێر کردووە.

هەندێکی تر دەڵێن : کاتێك گوناهـ وتاوانەکانی زۆر بوون دڵی داگیر دەکەن ولەهەموو لایەکەوە دەوری دەدەن.

دڵیش بەهۆی گوناهـ وتاوانەوە ژەنگ دایدەگرێت، جا کاتێك کە ئەو ژەنگە ووردە ووردە زیادی کرد دەبێت بەپارچەیەکی ڕەش لەسەری، وپاشان کۆنترۆڵی ئەو کەسە دەکات وقوفڵ لەدڵی دەدات ومۆری خراپە دەنێت بەسەریەوە، ئەو کاتەش دڵ یەك پارچە ڕەش دەبێت، ودوژمن وشەیتانەکانیش بەرەو هەرکوێیەك بیانەوێت پەلکێشی دەکەن ولەگەڵ خۆیان دەیبەن .

**٢٠- گوناهـ وتاوان ئادەمیزاد ئەخاتە ژێر نەفرینی پێغەمبەری خوداوە :**

پێغەمبەری خوا ( صلی الله علیه وسلم ) نەفرینی کردوە لەخراپەکاران وگوناهباران، لەسەر کۆمەڵە گوناهێك هەر کامێکیان بگریت لەوی دیکەیان گەورەترە، ئەو کەسانەش پێغەمبەری خوا ( صلی الله علیه وسلم ) لەفەرموودەکانیدا نەفرینی لێکردوون بریتین لەمانە :

- لعنَ الواشمة والمستوشمة، والواصلة والموصولة، والنامصة والمتنمصة، والواشرة والمستوشرة .

نەفرینی کردوە لەوکەسەی خاڵ دەکوتێ ولەو کەسەشی خاڵی بۆ دەکوترێت، وەلەو ئافرەتەی کە قژی دەستکرد درێژ دەکاتە سەر قژی خەڵکی تر وەلەو ئافرەتەشی کە ئەو کارەی بۆ دەکرێت، وە نەفرینی کردوە لەو ئافرەتەی کە برۆی باریك دەکاتەوە ولەو ئافرەتەشی ئەو کارەی بۆ دەکرێت، وە نەرفینیش لەو ئافرەتەی کە دانەکانی تیژ دەکاتەوە ودەستکاریان دەکات، لەو ئافرەتەشی کە ئەو کارەی بۆ دەکرێت .

- ولعن آكل الربا ومؤكله وكاتبه وشاهده .

نەفرینی لەو کەسە کردووە کە سوود = ڕبا دەخوات ولەو کەسەشی کە بۆی دەخورێت، ولەو کەسەشی گرێ بەستی ڕبا دەنوسێت ولەو کەسەشی شاهیدی دەدات لەو گرێ بەستەدا.

- ولعن المحلل والمحلل له .

نەفرینی کردوە لەو کەسەی ئافرەتی تەڵاق دراوە بۆ پیاوەکەی حەڵاڵ دەکاتەوە ( واتە مارە بەجاشی بۆ دەکات ) وە نەفرین لەوپیاوەشی ئەم کارەی بۆ دەکرێت .

- ولعن السارق .

نەفرینیشی کردوە لەدز .

- ولعن شارب الخمر وعاصرها ومعتصرها وبائعها ومشتريها وآكل ثمنها وحاملها والمحمولة إليه .

نەفرینی کردووە لەمەی خۆر ولەو کەسەشی کە دەیگوشێت ( واتە دروستکەرەکەی ) ونەفرین لەو کەسەشی بۆی دەگوشرێت وبۆی دروست دەکرێت، وەنەفرین لەو کەسەشی مەی دەفرۆشێت، ولەوەشی دەیکڕێت، وە لەو کەسەشی پارەی مەی دەخوات ولەو حەماڵەشی هەڵی دەگرێت ولەو کەسەشی بۆی هەڵدەگیرێت .

- - ولعن من غيّرَ منار الأرض وهي أعلامها وحدودها .

نەفرینی کردووە لەو کەسەی کە شوێنەواری زەوی دەگۆڕێت ئەو شوێنانەی کە نیشانە وسنوورەکانی زەوین .

- - ولعن من لعن والديه .

نەفرینی کردووە لەو کەسەشی کە نەفرین دەکات لەدایك وباوکی خۆی .

- ولعن من اتخذ شيئاً فيه الروح غرضا يميه بسهم .

نەفرینی کردووە لەو کەسەی کە گیانداریك دەنێتەوە بۆ نیشانەو تیر تێهاویشتن .

- ولعن المخنثين من الرجال، والمترجلات من النساء .

نەفرینی کردووە لەو پیاوانەی خۆیان وەك ئافرەت لێ دەکەن ولەو ئافرەتانەشی خۆیان وەك پیاو لێدەکەن .

- ولعن من ذبح لغير الله .

نەفرینی کردووە لەو کەسەی هەر شتێك بۆ غەیری خوای گەورە سەردەبڕێت .

- ولعن من أحدث حدثا، أو آوى محدثاً .

نەفرینی کردووە لەو کەسەی کە تاوانێك دەکات ولەو کەسەی کە تاوانبارێکیش پەنا دەدات .

- ولعنَ المَصورين .

نەفرینی کردووە لەوەی کە وێنە دەکێشێت .

- ولعنَ من عَمِلَ عَمَلَ قوم لوط .

نەفرینی کردووە لەو کەسەی کە کارێك دەکات وەك کاری گەلەکەی لوط ( واتە نێر بازی ) .

- ولعن من سبَّ أباه وأمه .

نەفرینی کردووە لەو کەسەی کە جوێن بە دایك وباوکی دەدات .

- ولعن من كمه أعمى عن الطريق .

نەفرینی کردووە لەو کەسەشی کەسێکی کوێر لەسەر ڕێگاکەی بزر دەکات وهەڵەی دەکات .

- ولعنَ من أتى بهيمة .

نەفرینی کردووە لەو کەسەی کە دەچێتە لای ئاژەڵ .

- ولعنَ من وسم دابة في وجهها .

نەفرینی کردووە لەو کەسەی کە ناوچەوانەی ئاژەڵێك بە داخ کردنی ئاگر دیاری دەکات.

- ولعنَ من ضار مسلماً أو مكرَ به .

نەفرینی کردووە لە وکەسەی کە زیانی دەبێت بۆ موسڵمانێك یان فڕو فێڵی لێ دەکات .

- ولعنَ زورات القبور، والمتخذين عليها المساجد والسرج .

نەفرینی کردووە لەو ئافرەتانەی کە زۆر دەچنە سەر قەبران، ولە وکەسانەشی کە گۆڕەکان دەکەنە مزگەوت، یان چراخان وگڵوپی لەسەر دەڕازێننەوە .

- ولعنَ من أفسد امرأة على زوجها، او مملوكة على سيده .

نەفرینی کردووە لەو کەسەی کە خووی ئافرەتێك خراپ دەکات بەرامبەر پیاوەکەی، وە لەو کەسەشی کە خووی بەندەیەك خراپ دەکات بەرامبەر بە خاوەنەکەی .

- ولعنَ من أتى امرأة في دبرها .

نەفرینی کردووە لەو پیاوەشی کە دەچێتە پاشی خێزانی .

- ولعنَ من انتسب إلى غير أبيه .

نەفرینی کردووە لەوکەسەی کە نەسەبی خۆی دەداتە لای غەیری باوکی خۆی .

- ولعنَ من سب الصحابة .

نەفرینی کردووە لەو کەسەی کە جوێن دەدات بەهاوەڵێك لەهاوەڵەکانی پێغەمبەر ( صلى الله عليه وسلم ) .

- ولعنَ الله في كتابه من أفسد في الأرض وقطع رحمه وآذاه وآذى رسول الله ( صلى الله عليه وسلم ) .

خوای گەورەش نەفرینی کردووە لەو کەسەی کە خراپە وخراپەکاری دەکات لەزەویدا، وە لەو کەسەشی کە صلەی ڕەحم لەگەڵ خزمانیدا دەبچڕێنێ، وە ئەو کەسەشی کە ئازاری خوا وپێغەمبەرەکەی دەدا ( مەبەستمان لەئازار دانی خوای گەورە سەرپێچی کردنی فەرمانەکانیەتی، وە مەبەست لەئازاردانی پێغەمبەریش ( صلى الله عليه وسلم ) تانە وتەشەردان لەخۆی و ئەهل وبەیت وهاوەڵەکانیەتی ) .

- ولعنَ من كتمَ ما أنزال الله سبحانه من البينات والهدى .

خوای گەورە نەفرینیشی کردووە لەو کەسەی کە ئەوەی خوای گەورە دایبەزاندووە لە بەڵگە ونیشانەی ڕوون وئاشکرا بۆ بەندەکانی لێیان دەشارێتەوە وپێیان ڕاناگەیەنێت .

- ولعنَ الذين يرمون المحصنات الغافلات المؤمنات بالفاحشة .

دیسان نەفرینی کردوە لەو کەسانەشی کە تۆمەتی زینا دەدەنە پاڵ ئەو ئافرەتە باوەڕدارانەی کە بێ ئاگان لەو تۆمەتە .

- ولعنَ من جعل سبيل الكافرين أهدى من سبيل المسلمين .

هەروەها خوای گەورە نەفرینی کردووە لەو کەسەشی کە ڕێچکە وڕێبازی بێباوەڕان هەڵدەبژێرێت وبەباشتری دەزانێت لە ڕێبازی موسڵمانان .
- ولعنَ الرجلّ يلبسَ لبسة المرأة والمرأة تلبس لبسة الرجل .
پێغەمبەری خوا ( صلى الله عليه وسلم ) نەفرینی کردوووە لەو پیاوەی جل وپۆشاکی ئافرەتان دەپۆشێت، وە لەو ئافرەتەش کە جل وپۆشاکی پیاوان دەپۆشێت .
- ولعنَ الراشي والمرتشي .
هەروەها پێغەمبەری خوا ( صلى الله عليه وسلم ) نەفرینی کردووە لەو کەسەی کە بەرتیل دەخوات ولەو کەسەشی کە بەرتیل دەدات .

**٢١- بێ بەش کردنی لە نزا و دوعای پێغەمبەری خوا وفریشتەکان :**

خوای گەورە فەرمانی کردوە بە پەیامبەرەکەی کە داوای لێخۆش بوون وئیستغفار بکات بۆ باوەڕداران لە پیاوان وژنـــان، هەروەك دەفەرموێت : ( **الذين يحملُونَ الْعرش ومن حولَه يسبحونَ بِحمد ربهم ويؤمنونَ بِه ويستغفرونَ للذين آمنوا ربنا وسعت كُل شيءٍ رحمةً وعلْما فَاغْفر للذين تابوا واتبعوا سبِيلَك وقهم عذَاب الْجحيم (٧) ربنا وأَدخلْهم جنات عدن التي وعدتهم ومن صلَح من آبائهم وأَزواجِهم وذُرياتهم إِنك أَنت الْعزِيز الْحكيم (٨) وقهم السيئَات ومن تقِ السيئَات يومئذ فَقَد رحمته وذَلك هو الْفَوز الْعظيم (٩)** ) { غافر : ٧-٩ } .

واتە : ئەو فریشتانەی کەعەرشی پەروەردگار هەڵدەگرن، ئەوانەش کە بەدەوریدا دەسوڕێنەوە، تەسبیحات وستایش وسوپاسی پەروەردگاریان دەکەن، ئیمان وباوەڕی زۆر بەهێز ودامەزراویان پێەتی، داوای لێخۆش بوونیش دەکەن بۆ ئەوانەی کەباوەڕیان هێناوە، دەڵێن: ئەی پەروەردگار ڕەحمەت ومیهرەبانی وزانست وزانیاری تۆ، هەموو شتێکت پێ گرتۆتەوە، کەوابوو خۆش ببە لەوانەی کەتەوبەیان کردووە ولەگوناهەکانیان پەشیمانن وشوێن بەرنامە وڕێبازی تۆ دەکەون، هەروەها لەئاگری دۆزەخیش بیانپارێزە**(٧)** ئەی پەروەردگار بیانخەرە ئەو باخ وباخاتەی بەهەشتی عەدنەوە کەبەڵێنت پێداون، هاوڕێ ودایك وهاوسەران ونەوەکانیان، بەڕاستی هەر تۆ خوایەکی باڵادەست ودانایت**(٨)** لەتۆڵەی هەموو گوناهەکان بیانپارێزە، خۆ هەرکەسێك لەتۆڵەی گوناهەکان بپارێزیت لەڕۆژی قیامەتدا، ئەوە ئیتر تۆ ڕەحمت پێکردووە، هەر ئەوەشە سەرفرازی وسەرکەوتنی گەورە وبێ سنوور .

ئەمەش نزا وپاڕانەوەی فریشتەکانە بۆ ئەو باوەڕدارانەی کە تۆبەیان کردووە وشوێن

قورئانی پیرۆز وسوونەتی پێغەمبەری خوا کەوتوون وڕازی نابن بەهیچ ڕێچکە وڕێبازێکی تر .

**٢٢- گوناهـ وتاوان خراپە وخراپەکاری لەزەویدا بڵاو دەکاتەوە :**

خراپەو خراپەکاری لە ناو دەریا وزەریاکان وئاو وهەواو و بەرووبوومی کشتوکاڵ وجێگا وشوێنی نیشتەجێ بوون ووشکانیدا بڵاو دەبێتەوە، هەروەك خوای گەورە دەفەرموێت :

**( ظهر الفساد في البر والبحر بما كسبت أيدي الناس ليذيقهم بعض الذي عملوا لعلهم يرجعون )**

{ الروم : ٤١ } .

واتە : خراپە وخراپەکار وفەساد بڵاو بوویەوە دەرکەوت و هەموو سەر زەوی ودەریاکانیشی گرتەوە بەهۆی ئەو کار وکردەوە خراپانەی کە خەڵکی ئەنجامی دەدەن، سەرەنجام دەبێت تاڵاوی هەندێك لەکردەوەکانیان بچێژن ( کەبەرپابوونی جەنگ وکارەساتە سروشتیەکانە ) بۆ ئەوەی بگەڕێنەوە بۆ ڕێبازی پاکی ئیسلام وخواناسی .

موجاهد دەڵێت: ئەگەر کاربەدەستێکی ستەمکار دەسەڵاتی گرتە دەست وخراپە وخراپەکاری بڵاوکردەوە لەزەویدا، خوای گەورە بارانی ڕەحمەت لەو گەلە دەگرێتەوە، وبەروبووم وکشتوکاڵ ونەوەکانیان تیادەچن، چونکە بەڕاستی خوای گەورە خراپە وخراپەکاری خۆش ناوێت، پاشان ئەو ئایەتەی سەرەوەی خوێندەوە، ئەمجا ووتی: مەبەسەت لەدەریاکان تەنها ئەو دەریانە نیە کە ئێوە دەیبینن، بەڵکو هەر گوند وشارێك لەسەر ئاوێکی ڕۆشتوو بێت ئەوەش دەکەوێتە ژێر ناوی دەریاوە، ووتم : گوناهـ وتاوان هۆکاری ئەو خراپەوخراپەکاریانەیە کە لەسەر زەوی دەرکەوتوون، خوای گەورەش بەشێکی کەمی لە تاڵا وسزای کردەوەکانی خۆمانی پێ چەشتووین، خۆ ئەگەر سزای تەواوی کردەوەکانمان بدات یەك ئادەمیزاد وگیان لەبەر لەسەر زەوی نامێنێت .

**٢٣- هەر سەبارەت بە کاریگەری گوناهـ وتاوان :**

ئەو هەموو بومەلەرزە وڕۆچوونی زەویەی کە لێرە ولەوێ ڕوو دەدات هەمووی هۆکارەکەی زۆربوونی فەساد وخراپە وتاوانە کە بوون بەهۆی نەمان وهەڵگرتنی بەرەکەت لە ڕزق وڕۆزیدا، جارێکیان پێغەمبەری خوا ( صلى الله عليه وسلم ) بەلای شوێنەوارە ڕوخاو وکاولەکانی گەلی ثەمودا تێپەڕی، لەهاوەڵانی قەدەغەکرد کە بچنە ئەو شوێنانەوە مەگەر بەو مەرجە نەبێت کە بەگریانەوە تێپەڕ ببن بەناویدا، هەروەها قەدەغەی کردن کەلەو بیرە ئاوانەی ئەو ناوچەیە ئاو بخۆنەوە یان ئاوی ووشترەکانیان بدەن، یان

هەویری پێ بشێلن بۆ عەلەفی ووشترەكانیان، نەوەك بەهۆی ئەوەوە خوای گەورە ئەوانیش تووشی خراپە بكات وسزایان بدات .

**٢٤- كاریگەری گوناهـ وتاوان لەسەر كەم بوونەوەی بەروبوومی كشتوكاڵ و بڵاوبوونەوەی نەخۆشیەكانی كشتوكاڵ و ئافاتەكانی :**

ئیمامی ئەحمەد ( ڕەحمەتی خوای لێ بێت ) لە مەسنەدەكەیدا لە ناوئاخنی فەرموودەیەكدا باسی كردوە كە دەڵێت: لە خەزێنەی دانەوێڵەی هەندێك بەنی ئومەیەدا بینویمە كەدەنكە گەنمێك بە ئەندازەی ناوكی خورمایەك دەبوو كە لە ناو شتێكدا بوو لەسەری نووسرابوو : ئەم دەنكە گەنمە لەكات وڕۆژانی دادپەروەریدا سەوز دەبوو .

ئەم ئافات ونەخۆشیانەش كە ئێستا تووشی كشتوكاڵ بوون هەمووی بەهۆی كارو كردەوەی خراپی ئادەمیزادەوەیە .

وە زۆرێك لە خەڵك وپیاوانی بیابان نشین بۆیان باسكردوم كەبەربووبوومی زەمانی كۆن زۆر زۆر لەبەرووبوومی ئێستا باشتر وگەورەتر بووە، وە ئەو نەخۆشی وئافاتەشی كە ئێستا تووشی كشتوكاڵ وكێڵگەكان دەبێت كاتی خۆی هیچیان نەبوون، بەڵكو هەموویان لەم دواییانەدا پەیدا بوون .

**٢٥- كاریگەری گوناهـ وتاوان لەسەر شێوە وهەیكەلی ئادەمیزاد :**

ئیمامی تورموزی ڕیوایەتی كردووە كە پێغەمبەر ( صلى الله علیه وسلم ) فەرموویەتی : " خلق الله آدم وطوله في السماء ستون ذراعاً فلم يزل الخلق ينقص حتى الآن "[٤] واتە : خوای گەورە ئادەمی دروستكرد، بەژنی باڵای شەصت باڵ بەرزبوو، بەردەوام مەخلوقات ڕووی لە كەمی كردوە تا ئەسەردەمەی ئێمەشی تێدایە .

جا كاتێ خوای گەورە وویستی سەر زەوی پاك بكاتەوە لە تاوانباران وخراپەكاران خیانەتكاران، بەندەیەك لەبەندەكانی خۆی لە ئال وبەیتی پێغەمبەری خوا ( صلى الله علیه وسلم ) دەنێرێت كە سەر زەوی پڕ دەكات لە دادپەروەری پاش ئەوەی كە زوڵم وستەم هەموولایەكی گرتبوەوە،، ئەمجا مەسیحی دەجال دەكوژێت، و ئەو ئاینە زیندوو دەكاتەوە وجێ بەجێی دەكات كە خوای گەورە ناردوویەتی بۆ پێغەمبەرەكەی، جارێكی تریش زەوی بەرەكەتەكەی جارانی دەگەڕێتەوە، وە هێشووی ترێ هێندە گەورە دەبێت بەئەندازەی

---

[٤] أخرجه البخاري ( ٣٦٢/٦ )، ومسلم ( ٢٨٤١ ) من حديث أبي هريرة ( رضي الله عنه ) .

تاباری ووشترێکی لێدێت، وه گۆشتی تەنها ووشترێك بەشی كۆمەڵێکی زۆر لەخەڵكی دەكات كه بیخۆن، چونكه ئەو كاتەی كەزەوی پاك دەبێتەوه لەگوناهـ وتاوان ئیتر شوێنەواری ئەوبەرەكەتەی كەلای خوداوەیه دەردەكەوێت، كه بەهۆی گوناهـ وتاوانەوه هەڵگیرابوو .

**٢٦- گوناهـ وتاوان ئاگری غیرەت وئازایەتی دەكوژێنێتەوه :**

گومانی تێدا نیه غیرەت بۆ ژیانی ئادەمیزاد وچاكسازی لەو ژیانەیدا، وەك پلەی گەرما وایه بۆ لاشه وجەستەی مرۆڤ كه چەندێك پێویستی پێیەتی .

هەركاتێك ئادەمیزاد ڕۆچوو لەتاوان وگوناهـدا، غیرەت وئازایەتی لەدڵ ودەروونی ئەو كەسەدا دەردەچێت تاوای لێدێت غیرەتیشی نامێنێت بەرامبەر بەماڵ ومندال و تەواوی خەڵكیش، نەك هەر ئەوەنده بەڵكو باوەڕ لەدڵ ودەرونیدا هێنده لاواز دەبێت هیچ تاوانێك لای خۆی ولای خەڵكیش بەخراپ نابینێت، جا ئەگەر مرۆڤ گەشته ئەو ئەندازەیه ئیتر بەرەو تیاچوون دەڕاوت، ئەم جۆره كەسانه بەوەشەوه ناوەستن كەخراپه بەخراپه نازانن، بەڵكو هەڵدەسن بەجوانكردن وشیرین كردنی تاوان وگوناهـ وفاحشه لای خەڵكی وبانگەوازیشی بۆ دەكەن، وڕێگای بۆ خۆش دەكەن ودەیڕازێننەوه لەبەرچاویان وهەمیشه لەهەوڵ وكۆششدان بۆ ئەوەی لایەنگرانی تاوان وگوناهـ زیاد بكەن، هەر لەبەر ئەمەیه ( دیوث = گەواد) پیسترین وبۆگەنترین مەخلوقی خوای گەورەیه، بەهەشتیشی لێ حەرام دەبێت، چونكه ئەم جۆره كەسانه ئەبن به ڕێگاخۆشكەر وكەش وهەواو سازكەر بۆ داوێن پیسی وبەرەڵایی، جا باوەڕداران تەماشا بكەن بێ غیرەتی كه لەئەنجامی تاوان وگوناهەوه دروست دەبێت چی دەهێنێت بەسەر ئادەمیزاد .

بێ غیرەتی دڵ دەمرێنێت لەگەڵیشیدا ئەندامەكانی لەشیش دەمرن، تاوای لێ دێت بەرگری نامێنێت لەبەرامبەر هیچ شتێكی بەڕێز وبەحورمەت لای ئەو كەسه، نموونەی غیرەتیش وەك ئەو هێزەی بەرگری وایه كەلەلاشەی مرۆڤدا هەیه كه كاتێك نەخۆشیەك ڕووی تێ دەكات خیرا بەرەنگاری ئەو نەخۆشیه دەبێتەوه تا لەناوی دەبات، بەڵام هەر كاتێك ئەو هێزه نەما ئیتر ئەو لاشەیه دەبێته لانكەی میكرۆب وڤایرۆسی ونەخۆشی هەمه جۆره، بەهەمان شێوه هەركاتێك غیرەتیش لای ئادەمیزاد نەما ئەو كاته ئەو كەسه دووچاری هەموو شێوەیەكی تاوان وگوناهـ دەبێتەوه وتاوای لێ دێت كیشانەكان لای ئەم كەسه پێچەوانه دەبنەوه، چاكی لا دەبێت بەخراپه وخراپیش بەچاك ( خوا پەنامان بدات ) .

**٢٧- گوناهـ وتاوان شەرم وشكۆ لای ئادەمیزاد ناهێڵێت كە ژیانی دڵی پێوە بەندە :**

شەرم وشكۆ سەرچاوە وبنەمای هەموو خێر وچاكەیەكە، وەهەركاتێك شەرم وشكۆ نەما ئەو كاتە خێر وچاكەش بەیەكجار نامێنێت وبار دەكات، هەر وەك پێغەمبەری خوا ( صلی الله علیه وسلم ) لەفەرموودەیەكدا فەرموویەتی : " الحیاء كله خیر " [5] واتە : شەرم وحەیا هەر هەمووی خێر وچاكەیە، هەروەها فەرموویەتی : " إن مما أدرك الناس من كلام النبوة الأولی : إذا لم تستح فاصنع ماشئت " [6] واتە : ئەوەی كە لەووتەی پێغەمبەرانەوە گەشتووە بەخەڵكی ئەوەیە : ئەگەر شەرم وشكۆت نەكرد ئیتر هەرچی دەكەی بیكە ( واتە : ئەگەر هاتوو شەرمت نەما ئیتر هەرچیەك دەكەی بیكە چونكە شەرم وحەیا خەڵكی دەگەڕێنێتەوە لە تاوان وگوناهـ ) .

هەر بۆیە تاوان وگوناهـ كردن وا لە ئادەمیزاد دەكات كە شەرمی نەمێنێت تاوای لێدێت هیچ گوێ نادات بە لۆمە وقسەی خەڵكی ئەگەر هاتوو زانیشیان بەگوناهـ وخراپەكار وبێ ڕەوشتیەكانی، نەك هەر ئەوەندە بەڵكو هەندێك لەو بێ ئابڕوانە خۆشیان هەڵدەكێشن بە گوناهـ وبێ ڕەوشتیەكانیانەوە، ئەگەر خەڵكیش نەیان زانی پێیان خۆیان دەچن بۆ خەڵكی باس دەكەن، بێ گومان ئەم جۆرە كەسانە هێندە لەتاوان وگوناهـ وبێ ئابڕوویدا ڕۆدەچن تاوایان لێدێت بەتەواوی وبەیەكجاری لەشەرم وحەیا دادەماڵرێن، جا ئەگەر مرۆڤ ( خوا پەنا بدات گەشتە ئەو ئاستە ئیتر هیچ ئومێدێكی چاكە وخێری لێناكرێت .

**٢٨- گوناهـ وتاوان هەیبەت وسامی خوای گەورە لەدڵ ودەروونەدا لاواز دەكات :**

بێگومان تاوان وگوناهـ ڕێز وهەیبەت وسامی پەروەردگار لاواز دەكات لای ئادەمیزاد، بیەوێت یان نەیەوێت، چونكە ئەگەر ڕێز وحورمەتی پەروەدگار لە دڵێكدا جێگیر بووبێت جورئەتی ئەوە ناكات سەرپێچی خوای گەورە بكات، وە ئەگەر كردیشی خێرا تەوبەی لێدەكات وداوای لێخۆش بوون لەخوای گەورە دەكات، پێ دەچێت كەسێك شەیتان هەڵی خەڵەتاندبێت وبڵێت : ئەوەی گوناهم پێ دەكات ئەوەیە زۆر ئومێد وڕەجام بە ڕەحمەتی خوای گەورە ولێخۆش بوونی ئەو هەیە، ئەگینا ئەوە نیە عەظەمەت وگەورەی پەروەردگار لە دڵمدا نەبێت.

---

[5] أخرجه مسلم في صحيحه بحيدث رقم ( ٣٧ ) و ( ٦١ ) كتاب الإيمان، والبخاري بلفظ " الحياء لا يأتي إلا بخير " ( ١٠ / ٥٣٧ ) كتاب الأدب : بابا الحياء .

[6] أخرجه البخاري ( ١٠ / ٥٣٩ ) كتاب الإيمان .

جا خوشك وبراى باوەڕدار ئەوە هەمووى فڕو فێڵى شەيتان هەڵەى دەرونى ئادەميزادە، چونكە كەسێك ئەگەر ڕێز وحورمەتى خواى گەورەى لەدڵدا بێت پارێز وقەدەغەكراوەكانى ئەو زاتەى لا بەرز وگەورەيە وزاتى ئەوە ناكات نزيكيان بكەوێتەوە، ئەو كەسانەشى جورئەتى ئەوەيان هەيە سنوورەكانى خواى گەورە بشكێنن وگوێ بەحەڵاڵ وحەرام نەدەن، ديارە ئەوە ڕێز وحورمەتى خواى گەورەيان وەك خۆى نەگرتووە، ئەگينا كێ هەيە پەروەردگار بە چاودێر وڕەقيبى خۆى بزانێت لەهەموو جێگا وشوێنێكدا لەگەڵ ئەوەشدا شەرم لەو زاتە پيرۆزە نەكات وگوێ بەفەرمان وقەدەغەكراوەكانى نەدا وهيچ پێوەرێكى چاك وخراپى لا نەمێنێت، مەحالە كەس هەبێت بەو شێوەيە بير بكاتەوە مەگەر ئەو كەسانە نەبێت لەتاوان وگوناهدا نوقم بووبن .

**٢٩- خواى گەورەش لەبەرامبەردا ڕێز وحورمەتى گوناهبار وتاوانبار لەدڵى دروستكراوەكانى خۆيدا هەڵدەگرێت :**

هەروەك چۆن ئەو هێچ گوێ نادات بە حەرام وحەڵاڵ وهەميشە سەرگەرمى تاوانە وگوناهـە ، بەو شێوەيەش خەڵكى ئەو جۆرە كەسانەيانە لا سووك وڕسوا دەبێت وهەميشە بەكەم سەيريان دەكەن، چونكە بەئەندازەى ئەوەى تۆ چەندێك خواى گەورەت خۆش بووێت وڕێز لەفەرمانەكانى بگريت، خواى گەورەش بەو ئەندازەيە خۆشەويستى تۆ ئەخاتە دڵى خەڵكانى ترەوە، باشە چۆن ئادەميزاد سنوور وقەدەغەكراوەكانى خواى گەورە دەشكێنيت، بەڵام پێى خۆش نيە كە خواى گەورە حورمەتى بشكێنێت وبێ ڕێزى بكات؟ يان چۆن بەسووك وبێ نرخ سەيرى گوناهـ وتاوان دەكات، لەهەمان كاتدا دەيەوێت كە خەڵكى ڕێزى بگرن وبەسووك وبێ نرخ تەماشاى نەكەن؟ خواى گەورە لەم بارەيەوە دەفەرموێت : ( **ومن يهن الله فما له من مكْرِمٍ .....** ) { الحج : ١٨ } واتە : هەركەس خواى گەورە سووك وبێ ڕێز وبێ نرخى بكات، ئەو هيچ ڕێز لێنەرێكى نابێت ..

ئەو گوناهبار ولەسنوور دەرچوانە كاتێك بەلايەنەوە بێ نرخى يە كە سوژدە وكڕنووش بۆ پەروەردگاريان ببەن، ئيتر خواى گەورەش ڕسوايان دەكات وكەسێكيش خوا ڕسواى بكات هيچ كەسێك نيە ڕێزدارى بكات وڕێزى لێ بنێت .

**٣٠- گوناهـ وتاوان وا دەكات خواى گەورە ئەو كەسانە لەبير بكات :**

كاتێك كە ئاميزاد خواى لەبيركرد ولەبيرى چويەوە وپشت گوێى خست كە بۆچى دروستكراوە، وەهەميشە شەيتانى بەدۆست وسەرمەشقى خۆى زانى، ئەو كاتە ئيتر

سەرەتای تیاچوون وبەهیلاك چونەیتی وئومێدی ڕزگاربوونی لێناکرێت ( خودا پەنا بدات) هەروەك خوای گەورە دەفەرموێت : **( يا أيها الذين آمنوا اتقُوا الله ولْتنظُر نفْس ما قَدمت لغد واتقُوا الله إن الله خبِير بِما تعملُونَ (١٨) ولَا تكُونوا كَالذين نسوا الله فَأنساهم أنفُسهم أولَئك هم الْفَاسقُونَ (١٩) )** { الحشر : ١٨ – ١٩ } واتە : ئەی ئەوانەی باوەڕتان هێناوە، خواناس وپارێزکاربن وسنوورەکانی مەترازێنن، با هەموو کەسێك سەرنج بدات وبزانێت چی بۆ سبەی دەست پێشکەری کردووە، هەوڵ بدەن هەمیشە وبەردەوام پارێزکار ودیندار وخواناس بن، چونکە بەڕاستی خوای گەورە زۆر ئاگایە بەهەموو ئەو کاروکردەوانەی کە ئەنجامی دەدەن **(١٨)** نەکەن وەکو ئەو کەسانەبن کە خوایان فەرامۆش کرد، شوێنی بەرنامەکەی نەکەوتن، خوایش ئەوانی فەرامۆش کرد، ئەوانە هەر ئەو کەسانەن کە لەسنوور درچوو تاوانبارەکانن **(١٩)** ....

گەورەترین سزا ئەوەیە کە ئادەمیزاد خۆی لەبیر بچێتەوە، وگوێ بە حەز وئارەزووەکانی نەدات لای خوای گەورە، بەو واتایەی مرۆڤ ئەگەر چاکە خواز بێت وبیری لای پەروەردگاری پێوە بێت ئارەزوومەندێکی باش دەبێت ونصیبی خۆشبەختانەی دەبێت لەدواڕۆژدا کەبەهەشتی هەتاهەتایی یە، بەڵام ئەگەر ئەوەی پشتگوێ خست وخۆشبەختی دواڕۆژ وڕازی بوونی پەروەردگاری گۆڕیەوە بە ئەندازەیەکی کەم لە لەزەت وخۆشی دونیا، مانای کەم فامی وگێلیەتی ئەو کەسە دەگەیەنێت، خەسارۆمەندی بۆ ئەو کەسەی کە دەوڵەمەندی وژیانی هەتاهەتایی دەگۆڕێتەوە بە چەند ساتێکی کەمی دونیا، دەوڵەمەندی پەروەردگاریان دەگۆڕنەوە بە کۆمەڵە حەز وئارەزوویەکی بێ بەهای ( فانی = لەناوچووە)، چونکە پەروەردگار قەرەبووی هەموو ئەو شتانە دەکاتەوە کە ئادەمیزاد لەبەر خاتری ئەو وازی لێهێناوە، بەڵام خودا پەنامان بدات ئەگەر خوای گەورە لەکەسێك ڕەنجا وزویر بوو لێی بەهیچ شێتك قەرەبوو ناکرێتەوە، پەروەردگارێك خالقی هەموو مەخلوقاتە، ڕۆزی دەری هەموو گیان لەبەرانە، باڵادەستە بەسەر هەموو دروستکراوەکانیدا، هەر شێتك ئەو بیبەخشێت کەس ناتوانێت بیگرێتەوە، ئەوەشی ئەو گرتیەوە ونەیبەخشێ کەس ناتوانێت بیبەخشێت، دەی باشە خوایەك خاوەنی ئەو صیفاتە جوانانە بێت، شایانی ئەوە نیە گوێڕایەڵی تەواوی بۆ دووپات بکرێتەوە وبەئەندازەی چاو تروکانێك لێی غافڵ نەبیت، چۆن یاد وذکری ئەو خودایە لەبیر دەکات وپشت گوێی دەخات کە ئاگاداری وورد ودرشتی ئاشکرا ونهێنیەکانیەتی؟ خۆ ئەگەر ئەمەی لەبیر کرد ئەوە بێگومان ئەو دەروونی

خۆی لەبیر کردووە وگەورەترین ستەمی لەپاشەڕۆژ وعاقبەتی خۆی کردوە، دەبێت ئادەمیزاد ئەوە بزانێت کاتێك یاخی دەبێت وگوێ بەفەرمانەکانی پەروەردگار نادات ستەم لەخۆی دەکات نەك لەخوا، چونکە خوای گەورە هیچ باکی نیە ئەگەر تەواوی سەرزەوی بێباوەڕ بن وەهیچ لەموڵکی ئەو کەم ناکات، وە ئەگەر هەمووشی بەندەی ڕاست ودرووستی ئەو بن هیچ لەموڵکی خوا زیاد ناکات، گوناهبار وتاوانبار ستەم لەخۆی دەکات نەك لەپەروەردگار، چونکە بەو کارەی دوا ڕۆژی خۆی تاریك دەکات وخەسارۆمەندیش تەنها خۆیەتی .

**٣١- تاوان وگوناهـ ئادەمیزاد لە بازنەی ئیحسان وەدەردەنێت وبێ بەشی دەکات لە پاداتشی چاکەکاران :**

ئیحسان ئەگەر لەدڵ ودەروونددا بچەسپێت ڕێگری دەکات لە تاوان وگوناهـ، چونکە ئەگەر مرۆڤ خوای گەورەی پەرست بەو شێوەیەی کە دەبینێت، بێگومان ئەمەش بەدی نایەت ئەو کاتە نەبێت کەیاد وذکر وخۆشەویستی وترسی پەروەردگار بەسەر دڵاندا زاڵ بووبێت، تاوای لێدێت وەك ئەوەی هەمیشە خوای گەورە ببینێت، خۆ ئەگەر ئەویش خودا نەبینێت بێگومان خودا ئەو دەبینێت، هەر ئەمەش وا دەکات باوەڕدار هەمیشە خودای لەیاد بێت ولەبەر ڕەزامەندی ئەو زاتە پیرۆزە نزیکی تاوان وگوناهـ نەکەوێتەوە وتەوبەش بکات لەهەر گوناهێکی ڕابردوو کە کردوونی، بەڵام ئەگەر هاتوو باوەڕدار لە بازنەی ئیحسان چوویە دەرەوە ئەو کاتە ئەو هەستکردنە تایبەت وژیانە بەتامەی لەدەست دەچێت، لەپاش ئەمە ئەگەر پەروەردگار ئیرادەی خێری بەو کەسە بێت لەبازنەی گشتی باوەڕداراندا دایدەمەزرێنێت، بەڵام ئەو کەسە ئەگەر دەستی کرد بەو سەر پێچی وگوناهـ وتاوانانەی کە ئادەمیزاد لەبازنەی باوەڕ دەردەکەن، دیسان هاوسیەتی وهاوەڵێتی باوەڕدارانیشی لەکیس دەچێت، هەرکەس ئەمەشی لەکیس بچێت خودا پەنا بدات، ئەو کاتە :

- بێ بەش دەبێت لەوەی کە خودا بەرگری لێ بکات : خوای گەورە دەفەرموێت : ( **إن الله يدافع عن الذين آمنوا ....** ) { الحج : ٣٨ } واتە : بێگومان خوای گەورە بەرگری وپشتیوانی دەکات لەباوەڕداران .
- بێ بەش دەکرێت لە داوای لێخۆش بوون فریشتەکانی هەڵگری عەرشی خودا ، وەك دەفەرموێت : ( **الذين يحملونَ العرش ومن حوله يسبحونَ بحمد ربهم ويؤمنونَ به ويستغفرونَ للذين آمنوا ...** ) { غافر : ٧ } واتە : ئەو فریشتانەی عەرشی پەروەردگاریان هەڵدەگرن،

ئەوانەش کە بەدەوریدا دەسوڕێنەوە، تەسبیحات وستایشی پەروەردگاریان دەکەن، ئیمان وباوەڕی زۆر بەهێز ودامەزراویان پێیەتی، داوای لێخۆش بوونیش دەکەن بۆ ئەوانەی کە باوەڕیان هێناوە ...

- بێ بەش دەکرێت لە خۆشەویستی وپشتیوانـــی خودا، وەك فەرموویەتی : ( **الله ولي الذين آمنوا ...** ) { البقرة : ٢٥٧ } واتە : خوای گەورە پشتیوان وپشتگیری ئەو کەسانە دەکات کە باوەڕیان هێناوە ...
- بێ بەش دەکرێت لە دامەزراندن لەلایەن فریشتەکانەوە، وەك خوای گەورە دەفەرموێت : ( **إِذْ يوحي ربك إلى الملائكة أني معكُم فثبتوا الذين آمنوا** ........ ) { الأنفال : ١٢ } واتە : ئەی ( موحەمەد یادی ئەوە بکەرەوە کاتێك پەروەردگارت وەحی ونیگای دەکرد بۆ فریشتەکان کە بەڕاستی من یار ویاروەرتانم، کەوابوو ئێوەش دڵی ئیماندارن پابەند ودامەزراوو بکەن ...
- بێ بەش دەکرێت لە پلەوپایەی بڵند ولێخۆش بوون وڕزق وڕۆزی پەروەردگار .
- بێ بەش دەکرێت لە سەربەرزی وعیززەت، خوای گەورە دەفـــەرموێت : (.... **ولله العزةُ ولرسوله وللمؤمنين ولكن المنافقين لا يعلمونَ** ) { المنافقون : ٨ } واتە : ئەو دووڕووانە نازان کە عیززەت وسەربەرزی دەسەڵات وپایەداری هەر شایستەی خوا وپێغەمبەرەکەی وئیماندارانە .
- بێ بەش دەکرێت لە مەعیەتی ( لەگەڵ بوونی ) خوای گەورە، وەك پەروەردگار دەفەرموێت:(**وأن الله مع المؤمنين** ){ **الانفال : ١٩** }واتە: بێگومان خوای گەورە بە علم وزانست وڕەحمی خۆی لەگەڵ باوەڕدارانە .
- بێ بەش دەکرێت لە بەرزی وبڵندی وپلە وپایەی دونیا، وەك خوای گەورە دەفەرموێت : ( ...... **يرفع الله الذين آمنوا منكُم والذين أوتوا العلم درجات والله بِما تعملُونَ خبِير** ) { المجادلة : ١١ } واتە : خوای گەورە ئەوانەی کە باوەڕیان هێناوە وئەوانەشی کە زانست وزانیاریان پێدراوە چەندەها پلە وپایە بەرزیان دەکاتەوە، خوایش زۆر ئاگاداری ئەو کار وکردەوانە هەیە کە ئەنجامی دەدەن .
- بێ بەش دەکرێت لە پاداشتی دوو بەرامبەری ڕەحمەتی خوای گەورە وئەو نوور وڕووناکیەشی کە باوەڕداران لە بەر ڕۆشنایەکەیدا دەڕۆن، خوای گەورە دەفەرموێت : ( **يا أيها الذين آمنوا اتقُوا الله وآمنوا بِرسوله يؤتكُم كفلَين من رحمته ويجعلْ لكُم نورا تمشونَ به**

**ويغفر لكُم والله غَفُور رحيم )** { الحديد : ٢٨ } واتە : ئەی ئەو کەسانەی باوەڕتان هێناوە لەخوا بترسن وپارێزکاربن وباوەڕی بتەو بهێنن بە پێغەمبەرەکەی، تا دوو بەرامبەر پاداشت وڕەحمەتتان بەسەردا بباریێت، هەروەها نوور وڕووناکیەتان پێ ببەخشێت لەبەر ڕۆشناییەکەی دا بەچالاکی بنوێین وڕێبازی ژیان بگرنەبەر، تا لێتان خۆش ببێت، چونکە ئەو خوایە لێخۆش بوو میهرەبانە .

- بێ بەش دەکرێت لەو میهرەبانی وخۆشەویستیەی کەخوای گەورە ئامادەی کردوە بۆ باوەڕداران، ئەویش ئەوەیە خۆشەویستی دەکات لای فریشتەکان وپێغەمبەران وپیاوچاکان، پەروەردگار دەفەرموێت : **( إن الذين آمنوا وعملُوا الصالحات سيجعلُ لهم الرحمن ودا )** { مريم : ٩٦ } واتە : بەڕاستی ئەوانەی کە باوەڕیان هێناوە وکاروکردەوەی چاکیان ئەنجام داوە، لە ئایندەدا خوای میهرەبان سۆز وخۆشەویستی وڕێزی تایبەتیان بۆ ئامادە دەکات، ( هەروەها لە لایەن فریشتەکان وئیمانداران ونیشتەجێکانی بەهەشتەوە ) خۆشەویست وڕێزدارن .
- بێ بەش دەکرێت لە ئاسایش ودڵی پڕ ترس وخەوف دەکرێت لە ڕۆژێکدا کە ترس زۆر دەبێت، وەك دەفەرموێت : ( .... **فمن آمن وأصلح فَلَا خوف عليهم ولَا هم يحزنونَ** ) { الأنعام : ٤٨ } واتە : هەرکەس ئیمان وباوەڕ بهێنێت وچاکسازی بکات، ئەوە نەترس وبیمیان لەسەرە نە غەمبار دەبن .
- بێ بەش دەکرێت لـــە شفـــای قورئان، خوای گەورە دەفەرموێت : ( ......**قُلْ هو للذين آمنوا هدى وشفَاءٌ والذين لَا يؤمنونَ في آذَانِهم وقْر وهو عليهم عمى أُولَئك ينادونَ من مكَان بعيد** ) { فصلت : ٤٤ } واتە : ئـــەی پێغەمبـــەر ( صلى الله عليه وسلم ) پێیان بڵێ : ئەم قورئانە بۆ ئەوانەی باوەڕیان هێناوە هیدایەت وڕێنموونی وشیفایە - وچارەسەری هەموو دەرد ونەخۆشیەکان دەکات – جا ئەوانەی باوەڕ ناهێنن وگوێچکەیان کەڕە وبەشتی تر ئاخنراوە، هەروەها کوێرن لەئاستیدا، ئەوانە هەروەك لە دوورەوە بانگیان لێ بکرێت وایە ( نە دەنگەکەی بەچاکی دەبیستن نە ڕەنگەکە بەڕوونی دەبینن ) .

**٣٢- لاواز هەنگاو نانی دڵ بەرەو لای خوا وڕۆژی دوایی :**

یان کۆسپ وتەگەرە هاتنە بەردەم یان وەستان وڕێگابڕینی لەبەردەم ئەوەی ئادەمیزاد هەنگاو هەڵهێنێ بەرەو لای خوا، ئەمە ئەگەر نەشیگەڕێنێتەوە بەرە ودواوە، هەموو ئەمانە کاریگەری تاوان وگوناهن .

خۆشەویستان : گوناهـ وتاوان یان دڵ دەمرێنێت، یان تووشی نەخۆشی دەکات نەخۆشیەکی ترسناك، وە یان لاوازی دەکات بەلاوازیەکی وا کۆتایی دێنێت بەوهەشت شتەی کە پێغەمبەری خوا ( صلی الله علیه وسلم ) پەنای گرتوە بەخوا لێیان وەك فەرموویەتی : " اللهم إني أعوذ بك من الهم والحزن والعجز والكسل والجبن والبخل وضلع الدَّين وغلبة الرجال "[٧] واتە : ئەی خوای گەورە پەنا دەگرم بەتۆ لە خەم وخەفەت ونەتوانایی وتەمەڵی وترسنۆکی وبەخیلی وقەرزاری وزاڵ بوونی کەسانی تر.

گوناهـ وتاوان بەهێزترین هۆکاری پەیدابوونی ئەم هەشت شتەیە کە پێغەمبەری خوا پەنای گرتووە لێیان، هەروەها هۆکاری تریشن بۆ داباریني نەهامەتی وبەدەبەختی وزاڵ بوونی دوژمن، هەروەها گوناهـ بەهێزترین هۆکاریشە بۆ نەمان ولەدەستدانی ئەو نازو نیعمەتانەی کە خودا بەخشیویەتی بە ئادەمیزاد، وهۆکاریشە بۆ نەهێشتنی خۆشبەختی وگۆڕینی بە ناخۆشی وناڕەحەتی وگران بوونی ژیان وچەرمەسەری .

**٣٣- تیاچوونی نازو نیعمەتەکان وگۆڕینیان بە ناخۆشی ونەهامەتی:**

بەردەوام خوای گەورە نازونیعمەتی خۆی دەرژێنێت بەسەر بەندەکانیدا هەتا ئەو کاتەی کە دەست دەداتە گوناهـ وتاوان، وەهیچ نیعمەتێك لە ئادەمیزاد ناسەنرێتەوە بەبێ کردنی تاوان وگوناهـ، خوای گەورە دەفەرموێت : ( **﴿ما أصابكُم من مصيبة فَبِما كَسبت أيديكُم ويعفُو عن كَثيرٍ﴾** { الشورى : ٣٠ } واتە : هەرە بەڵاو نەهامەتیەکتان بەسەر هاتبێت، ئەوە دەرەنجامی ئەو کار وکردەوانەیە کە بەئارەزووی خۆتان دەتانکرد، ( بەڵام ئەوەندە خوایەکی میهرەبانە ) لەزۆربەی زۆری گوناهـ وهەڵەکانتان خۆش دەبێت ( ئەگەر تەوبەی لێ بکەن ) .

خوای گەورە هەواڵی پێداوین کە هەرگیز نیعمەتەکانی خۆی ناگرێتەوە لەبەندەکانی، ئەگەر بێتو ئەو بەندەیە خۆی هۆکاری ئەو لێسەندنەوەیە نەبێت، هەر بۆیە دەبینیت طاعەت وگوێڕایەڵی خوای گەورە دەگۆڕێتەوە بە مەعصیەت وتاوان وخراپەکاری، سوپاس وشوکری ئەو زاتە پیرۆزە ئەگۆڕێت بە کوفر وبێباوەڕی، هۆکارەکانی ڕازی بوونی پەروەردگار پشت گوێ دەخات ودەست دەداتە ئەو هۆکارانەی کە خوای گەورە ڕقی لێیان دەبێتەوە، خوای گەورە لەم بارەیەوە دەفەرموێت : ( **إن الله لا يغير ما بِقَومٍ حتى يغيروا ما**

---

[٧] ئیمامي بوخاری ڕیوایەتی کردووە، ( ج١١/لا ١٧٧ ) كتاب الدعوات : باب التعوذ من غلبة الرجال، من حديث أنس بن مالك – رضي الله عنه - .

**بِأنفُسِهِم وإِذَا أَراد الله بِقَومٍ سوءًا فَلَا مرد لَه وما لَهم من دونِه من والٍ )** { الرعد : ١١ } واته : بێگومان خوا بارودۆخی هیچ گەل وهۆزێك ناگۆڕێت ( لەخۆشیەوه بۆ ناخۆشی، یان له زەلیلیەوه بۆ سەربەزی، یان لەگرانیەوه بۆ هەرزانی ) هەتا ئەوانه ئەوەی بەخۆیان دەکرێت نەیگۆڕن ونەیکەن، کاتێکیش خوا بیەوێت بەڵایەك بەسەر هەر میللەتێکدا بهێنێت – لەدەرەنجامی سەرکەشی ویاخی بوونیان – ئەوه هیچ هێزێك ناتوانێت بەری بگرێت، هیچ کەسیش ناتوانێت جگه لەخوا فریایان بکەوێت ورزگاریان بکات .

**٣٤- خوای گەوره ترس وبیم دەخاته دڵی کەسی تاوانبار وگوناهبارەوه :**

هیچ کەسێکی تاوانبار نابینیت کەلەسەر ترس ودڵەڕاوکێ نەبێت، هەرکەس طاعەتی خودا بکات پەروەردگار هەموو ترس وخەوفێکی بۆ دەگۆڕێت به دڵ ئارامی وئاسایش، وەهەرکەسیش سەرپێچی ومەعصیەتی خودا بکات پەروەردگار ئارامی ودڵ ئاسوودەیی بۆ دەگۆڕێت به ترس وخەوف، هیچ کەسێکی گوناهبار وتاوانبار نابینیت ئیلا دڵی وەك ئەوه وایه هەمیشه بەسەر باڵی مەلەوه بێت، هەر که گوێی لەتەقەی دەرگا دەبێت وادەزانێت بەشوێنی ئەودا هاتوون بیگرن، یان هەررووداوێکی خراپ ڕوودەدات ئەو دڵی لەمشتیدایه وادەزانێت تاوانێکی کردوه و دەگەڕێن بەشوێنیدا، بەکوورتی هەر کەس لەخودا بترسێت خوای گەوره بێ ترسی دەکات لەهەموو شتێك، وەهەرکەسیش لەخودا نەترسێت خوای گەوره لەهەموو شتێك دەیترسێنێت .

**٣٥- نامۆ بوون ووەحشەتێکی گەوره دەچێته دڵیەوه :**

تاوانبار وگوناهبار هەمیشه خۆی به نامۆ دەزانێت، بەئەندازەی ئەوەی ئادەمیزاد ڕۆدەچێت لەتاواندا بەو ئەندازەیه هەست بەنامۆ بوون دەکات لەنێوان خۆی وپەروەردگاریدا، چونکه کەسی گوناهبار کارێك دەکات پێچەوانەی ئەو فطرەت وسروشته پاکەیه که خوای گەوره ئادەمیزادی لەسەر دروستکردووه، ئەوەش بزانه تاڵترین وناخۆشترین ژیان ژیانی ئەو کەسانەیه هەمیشه لەتاواندا دەژین، وه خۆشترین ژیانیش ژیانی ئەو کەسانەیه که زۆربەی کاتەکانیان له طاعەت وجێ بەجێکردنی فەرمانەکانی خوادا بەسەر دەبەن، نامۆ بوونیش هۆکارەکەی ئەو پەردەیەیه که گوناهـ وتاوان دروستی کردوه، چەندێك ئەو پەردەیه ئەستوور تر بێت هێندەش ئەو کەسه هەست بەنامۆ بوون دەکات، بێ ئاگای له فەرمانەکانی خودا نامۆ بوون دروست دەکات، وەخراپترین تاوانیش که ئەو پەردەیه ئەستوور تر دەکات شرك وهاوەڵدانان و بێباوەڕیه .

**٣٦- لادانی دڵ لەسەر ڕێڕەوی تەندروستی خۆی بۆ سەر ڕێڕەوی خراپەکاران:**

هەروەك دەبینیت كەسێك نەخۆشە وپەكی كەوتوە، بەهیچ شێوەیەك خواردن وخواردنەوە سوودی نیە بۆی و دادی نادات، بەهەمان شێوەش كاریگەری تاوان وگوناهـ لەسەر دڵ ودەروون وەك كاریگەری نەخۆشی وایە لەسەر جەستە ولاشەی ئادەمیزاد، نەك هەر ئەوەندە بەڵكو تاوان وگوناهـ خۆیان نەخۆشی دڵ ودەروونن، وەهیچ شتێكیش دەرمانی ئەو نەخۆشیە نیە ئەوە نەبێت كەسی نەخۆش واتە تاوانبار واز لە مەعصیەت وگوناهەكانی بهێنێت و تەوبەیەكی ڕاست ودروستی لێبكات وپەیمان لەگەڵ خوادا ببەستێت كە ئیتر كۆتای بە سەرپێچی زاتی حەق تەعالای ئەو دەهێنێت، ئەگەر وای كرد خوای گەورە بەڵێنی داوە كە خراپە وگوناهەكانیشی بۆ دەگۆڕێت بەحەسەنات، وەك دەفەرموێت : **( يبدلُ الله سيئاتهم حسنات )**{الفرقان: من الآية٧٠} .

**٣٧- گوناهـ وتاوان دڵ كوێر دەكەنەوە ونووری تێدا ناهێڵن :**

گوناهـ وتاوان ڕێگاكانی زانست وزانیاری دادەخات وبابەتەكانی هیدایەت وڕێنمونی ئەشارێتەوە، بەردەوام ئەم نوور وڕووناكیە لاواز دەبێت ومۆتەكەی تاریكیش لەسەریەك كەڵەكە دەبێت هەتاوەكو دڵ بەیەكجاری وەك تاریكە شەوی ئەنگوستە چاوی لێ دێت، تاوای لێ دێت كاریگەری تاوان وگوناهـ دەگوێزرێتەوە بۆ سەر ئەندامەكانی لەش، بەشێوەیەك ڕوومەت ودەمو چاوی ئەو كەسە ڕەش وتاڵ ودێز دەكات، لەپاش مردنیش ئەوتاریكیە لەگەڵ خۆی دەباتە ناو گۆڕ، كاتێكیش كە خەڵكی زیندوو دەكرێنەوە بۆ لێپرسینەوە وموحاسەبە لەگەڵ كردن كۆمەڵە كەسێك گەردنیان زۆر بەرزە وناوچەوانیشیان ئەدرەوشێنەوە، بەڵام كەسانی تاوانبار وخراپەكار لەو ڕۆژەشدا ڕوویان ڕەشە وسەریان كز وبەرەو خوارە ( خوا پەنامان بدات ) .

**٣٨- گوناهـ وتاوان دەروونی ئادەمیزاد سووك وڕسوا دەكات وكەرامەتی لەبنەوە هەڵدەتەكێنێت ولەناوی دەبات:**

بەشێوەیەك هێندە سووكی دەكات لەناو كۆمەڵگەدا هیچ شتێكی تر نیە ئەوەندە ڕەزیل وبێ بایەخ وكەم نرخ بێت .

**٣٩- مرۆڤی گوناهبار وتاوانبار هەمیشە دیلی دەستی شەیتان وهەوا وئارەزووەكانیەتی :**

گوناهبار دیل وئەسیر وكۆت وبەند كراوە، هیچ دیلێك هێندە حالی وەك ئەو كەسە خراپ

نیه کە گیری خواردوە بەدەست دوژمنی سەرسەختیەوە، ئەو دوژمنەش شەیتان بێت، هیچ بەندینخانەیەکیش هێندەی بەندینخانەی هەواو وئارەزووەکان تەسك نیە، وەهیچ کۆت وبەندێکیش هێدنەی کۆت وبەندی شەهوەتبازی گران وقورس نیە، ئەو کەسە چۆن ئەتوانێت هەنگاو هەڵێنێت بەروە لای خواو خۆ ئامادەکردن بۆ ڕۆژی دوایی لەکاتێکدا هەموو شەهوەت وهەواو ئارەزوەکانی کۆت ودیل کراوی دەستی شەیتان بێت؟

دڵی ئادەمیزاد چەندێك دوور بێت لە خوای گەورەوە، هێندەش ئافات وبەڵای خێراتر ڕوو تێ دەکات، وە چەندێکیش لەخوای گەورەوە نزیك بێت کەمتر بەڵاو ئافاتی تاوان وخراپەکاری ڕووی تێدەکات .

دوور بونیش لەخوای گەورەوە پلە ودەرەجاتی هەیە، بێ ئاگایی وغەفلەت دڵی ئادەمیزاد دوور دەخاتەوە لەخوای گەورەوە، بەڵام دوریی تاوان وگوناهـ خراپترە لەدووریی بێ ئاگای وغەفڵەت، وە دووریی بیدعە وداهێنانیش لەدینەوە گەورەتر وخراپترە لەدووریی تاوان، هەروەها دووریی نیفاق وشیرك زۆر زۆر گەورەتر وخراپترە لەهەر هەمووی .

**٤٠- لەدەست دانی پلەوپایەیی کۆمەڵایەتی وڕێز وبەهای لای خوا وخەڵکیش :**

گومانی تێدا نیە بەڕێزترین دروستکراو لای پەروەردگار ئەوەیانە کە زۆرتر لەخواترس وبەتەقوایە، وەنزیکترین کەسیش لەخوای گەورەوە ئەو کەسەیە کە زیاتر طاعەت وگوێرایەڵی بۆ ئەو دەکات، جا بەپێی ئەوەی ئادەمیزاد چەندێك فەرمانەکانی خوای گەورە جێ بەجێ بکات ودوور بکەوێتەوە لە قەدەغەکراوەکانیەوە هێندە ئەو کەسە مەنزیلەت وپلە وپایەی بڵند وبەرز ترە لای خوا، بەڵام ئەگەر هاتوو دەستی دایە خراپە وتاوان ئەو کاتە ئەو ڕێز وپلە وپایەی نامێنێت ولای خەڵکیش بێ نرخ و سووك دەبێت، جا کەسێکیش قیمەت ونرخی لەناو کۆمەڵگەدا نەما وبوو بە بنێشتە خۆشەی سەر زمانی خەڵك ولەهەموو کۆڕ وکۆمەڵێکدا بەخراپە باسیان دەکرد، ئەو کەسە ئیتر هیچ شتێکی نامێنێت کە دڵی پێ خۆش بکات وژیانی لێ دەبێت بەمەرگەسات وهەموو ڕۆژێکی چەرمەسەری ونەهامەتی دەبێت، چونکە ڕێزی مرۆڤ بە جوانیەکانی کۆمەڵگەوەیە، کۆمەڵگەیەك پەروەردەکراوی قورئان وسوننەتەکانی پێغەمبەری خوا بێت ( صلی الله علیه وسلم ) .

**٤١- گوناهـ وتاوان هەرچی مەدح وباسکردنی چاکە هەیە لەئادەمیزادی دادەماڵێت، وەذەم وبەخراپ باسکردنی دەکات بەبەردا :**

بەڵێ گوناهـ وتاوان پۆشاکی ذەم وسوکی وڕسوایی دەکات بەبەری ئادەیزاد دا، وناوی

باوەڕ وباوەڕدار وچاكە وچاكەخواز ولەخواترس وگوێڕایەڵ ووەلی ووارع وصالح وخواناس وداوێن پاك لەبەری خەڵك دادەماڵێت، لەبری ئەوە پۆشاكی بێباوەڕی وخراپەكار وگوناهـ وسەرپێچی كەر وموفسد وپیس وگەندەڵ وداوێن پیس ودز جەردە وپیاوكوژ وخائن ودرۆزن وفاسقی دەكات بەبەردا، هەروەك خـوای گــەورە دەفـەرموێت : ( **بئس الاسم الفُسوق بعد الإيمان ومن لم يتب فَأولئك هم الظالمونَ** ) { الحجرات : ١١ } واتە : ئای كە چەند ناشیرینە ناو وناتۆرەی خراپ لەدوای باوەڕ هێنان وموسڵمان بوون، ئەوەش تەوبەی نەكردبێت وپەشیمان نەبوبێتەوە لەگوناهەكانی، جا ئەو جۆرە كەسانەن هەر ستەمكار.

ئەوەی دەبێتە مایەی تووڕە بوونی پەروەردگار وچوونە دۆزەخ وژیانی سەرشۆڕی وخەسارۆمەندی دونیا وقیامەتیش هەر گوناهـ وتاوانە .

**٤٢- گوناهـ وتاوان كاریگەری دەبێت لە سەر ژیری وعەقڵ وخاوەنەكەی گێژ وگەمژە وكاڵ فام دەكات :**

هەر گیز دوو كەسی عاقل نابینیت كە یەكێكیان گوێڕایەڵی خوای گەورە بێت، وئەوی دیكەشیان سەرپێچی كەر ولەخوا یاخی بێت، ئیلا عەقڵ وژیری ئەو كەسەی كە گوێڕایەڵ ومطیعە تەواو وكامڵ ترە، وبیرو هۆشیشی دروست وساغ وسەلیم ترە، بۆچونەكانی جێگەی خۆیان دەگرن، هەر كارێكی پەسەند كرد جێگەی سوپاس كردنە چونكە كارەكانی بە پرس وڕا دەكات، بەڵام كەسی گوناهبار وتاوانبار چۆن پێی بووترێت ژیر وعاقڵ وخاوەن بیر وهۆش، لەكاتێكدا دەستی داوەتە سەرپێچی وگوناهـ وتاوان وخراپەكاری لە ژێر دەسەڵات ومڵی خاوەن ماڵدا، لەگەڵ ئەوەشدا بزانێت ویەقینی هەبێت كە ئاگای لێیەتی ودەیبینێت؟ باشە كەسی لەو جۆرە چۆن جورئەتی ئەوە دەكات گوناهـ بكات لەكاتێكدا لە نیعمەت وڕزق وڕۆزی خالقی دەخوات ودەخواتەوە، بەكارە خراپەكانیشی هەمیشە پەروەردگار تووڕە دەكات، گوێیشی لەوە نیە كە خوای گەورەی لێ زووبر بێت وتووشی نەفرین ودەركردنی بكات لەڕەحمەتی خۆی، باشە ئەوە چ عەقڵ وژیری یەكە خۆشی وشادی ونیعمەتەكانی دوارۆژ بگۆڕێتەوە بە چەند ساتێك لە خۆشی ولەزەتی دونیا، كە پاشتر وادەزانێت خەوی بینیوە، یان هەر لەدونیاش نەژیاوە .

**٤٣- گوناهـ وتاوان دەبێتە هۆی بچڕانی پەیوەندی نێوان خودا وبەندەكانی:**

جا كاتێك ئەو پەیوەندیە بچڕا ئیتر هۆكارەكانی خۆشبەختی وخێر خۆشیش دەبچڕێت ولەجێگایان هۆكارەكانی شەڕ وخراپە پەیوەست دەبن، كامەیە ئەو سەرفرازی وهیوا

وئومێد وژیانەی کە هۆکارەکانی خێر وچاکەی لەگەڵدا بچڕابێت، ئەو پەیوەندیەش کە هەبوو لــەنێوان پشتیوان ( کە خوای گەورەیە ) لەگەڵ بەندەکەیدا هیچ ئاسەوارێکی نەما، ئەو وەلی وپشتیوانەی کە ئادەمیزاد هەمیشە موحتاجە پێی وهیچ کاتێك ناتوانێت بەئەندازەی چاو تروکانێك پێویستی پێی نەبێت، ئەو زاتەی کە باڵادەستی هەموو هێز وتواناکانە وسەرچاوەی هەموو خێر وچاکە وخۆشییەکە لە دونیا وقیامەتیشدا، کەسیش نازانێت زیان وزەرەری سزای بچڕانی ئەو پەیوەندیە چەندێك گەورەیە، ئەو کاتە نەبێت کە دەستی لەهەموو جێگایەك دەبچڕێت وئیتر هاوار وخۆزگە هیچ سوودێکی نابێت وتازە گەڕانەوەش جارێکی تر بۆ دونیا جێگای قبوڵ نیە، چونکە خوای گەورە پێشتر ئاگاداری کردین لەسەرەنجامی خراپی ئەم لادان ویاخی بوون وبێباوەڕیە .

**٤٤- گوناهـ وتاوان بەرەکەتی تەمەن وڕزق وڕۆزی زانست وزانیاری وکار وکردەوە وطاعەت ناهێڵێت :**

بەشێوەیەکی گشتی گوناهـ وتاوان بەرەکەتی دین ودونیا ناهێڵێت، بەشێوەیەک تۆزقاڵێک بەرەکەت چی بێت لە تەمەن ودین ودونیادا گوناهـ وتاوان هەر هەمووی لەناو ئەبات و وەک تۆز هەمووی دەکات بەهەوادا .

**٤٥- گوناهـ وتاوان خاوەنەکەی هاوشانی کەسە سووک وڕسواکان دەکات :**

ئادەمیزاد پاش ئەوەی خوای گەورە ڕێزی لێنا وفەرمانی کرد بە فریشتەکان کە سوژدەی ڕێزی بۆ ببەن، لەو کاتە بەدواوە ئادەمیزاد خاوەنی پلەو پایەی زۆر بەرزە لای پەروەردگاری تا ئەو کاتەی دەست دەداتە گوناهـ وتاوان، هەر گوناهێك کە دەیکات وتەوبەی لێناکات پلەیەك لەو ڕێز وحورمەتەی کە خوای گەورە پێیداوە دێتە خوارەوە، تاوای لێدێت بەردەوام سەرگەرمی خراپە وتاوان دەبێت وئەو کەسە دەچێتە ڕیزی کەسە سووك و بێ نرخ وبێ بەهاکانەوە .

**٤٦- گوناهـ وتاوان بەشێویەك زاڵ دەبێت بەسەر ئادەمیزادا، کە پێشتر کەس بەو شێوەیە پێی نەوێراوە :**

لە ڕیزی ئەو مەخلوقاتانەی کە زاڵ دەبێت بەسەر مرۆڤی گوناهبار وتاوانباردا و پێی دەوێرێت شەیتانەکانن، ئەویش بەوەی تووشی وەسوەسە وشۆك ودڵەڕاوكێ وخەم وخەفەت وترسی دەکەن، بەشێوەیەك وای لێدەکەن بەرژەوەندیەکانی دونیا ودواڕۆژی خۆی لەبیر دەبەنەوە، تا وای لێدێت بەیەکجاری لەناو تاوان وگوناهدا ڕۆدەچێت وزۆر بە ئەستەم

دەتوانێت وازیان لێ بهێنێت، نەك هەر ئەوەندە بەڵكو شەیتانەكانی ئادەمیش پێی دەوێرن وبەو ئەندازەیەی كە دەسەڵاتیان هەیە بەسەریدا بە ئامادەیی وئامادە نەبوونی خۆی زیانی لێدەدەن وتووشی خراپەی دەكەن، ئەم كەسە هێندە سەرگەرمی خراپە وتاوان دەبێت خێزانی وخزمەتكارەكەی ومناڵەكانی ودەر ودراوسێ وتەنانەت ئاژەڵانیش زەفەری پێ دەبەن وزاڵ دەبن بەسەریدا ودەوێرن ڕوبەڕووی ببنەوە .

**٤٧- گوناهـ وتاوان خیانەت لە ئادەمیزاد دەكات ولەبیری دەباتەوە چ شتێك لەبەرژەوەندی ئەوە وچ شتێكی پێویستە :**

گومانی تێدا نیە هەموو كەسێك پێویستی بەوە هەیە كە بزانێت چ شتێك زیانی پێ دەگەیەنێت وچ شتێكیش سوود مەندە بۆی لە دونیا ودوا ڕۆژیدا، زاناترین كەسیش لەم ڕوەوە بە پێی پلە ودەرەجەی باوەڕی ئەو كەسە كەتووە، بەهێزترین كەس لەم بوارەدا ئەو كەسەیە كە بتوانێت كۆنترۆڵی دڵ ودەروونی خۆی بكات وبەكاری بهێنێت لە سوود وقازانجی خۆیدا، ودوری بخاتەوە لەو شتانەی كە زیانیان بۆی دەبێت، لەم ڕوەشەوە خەڵكەكان بە ڕادەی مەعریفەت وهەم وپلەوپایەیان جیاوازیان هەیە، عارف ترین وزاناترینیان ئەو كەسانەن كە دەرك دەكەن بەهۆكارەكانی خۆشبەختی وبەختەوەری ونا بەختیاری، جا خۆشبەختی بۆ ئەو كەسەی كە ئەتوانێت هۆكارەكانی بەختیاری دونیا ودواڕۆژ هەڵببژێرێت ودوور بكەوێتەوە لەو هۆكارانەی كە مرۆڤ بەرەو هەڵدێر ونابەختیاری دین وژین دەبەن، بەپێچەوانەشەوە دەبەنگ ترین كەس ونەفام وگەمژە ترین كەسیش ئەو كەسەیە كە فەزڵی دنیایەكی دوا بڕاو وكوورت وكەم دەدات بە سەر دواڕۆژێكی هەتا هەتایی و كۆتا نەهاتوو.

**٤٨- گوناهـ وتاوان دڵی مرۆڤ كوێر دەكات :**

ئەگەر گوناهـ دڵی خاوەنەكەی كوێر نەكات بێگومان لاوازی دەكات، جا كاتێك دڵ كوێر ولاواز بوو ئەوكاتە ناسینی هیدایەت وڕێنموونیشی لاواز دەبێت لەسەر خۆی و لەسەر غەیری خۆیشی، گومانی تێدا نیە كە گوناهـ وتاوان بینینی دڵ لاواز وكوێر دەكات، بەشێوەیەك وەك پێویست دەرك بە حەق وڕاستیەكان ناكات، تاوای لێدێت عەزیمەت وهێزی نامێنێت كە بەرەنگاری هێزی شەڕی شەیتان ببێتەوە، حەق وڕاستی بە پڕوپووچ دەبینێت، و پڕوپوچیش بەحەق وڕاستی دەزانێت، چاكە بەخراپە وخراپەش بەچاكە ناوزەد دەكات، لەكۆتایدا لە سەفەر وڕێگای بەرو خودا چوندا شكست دێنێت ولادەداتەوە بەلای

ئەو شتە باتڵ وپڕوپوچانەی کە دەرونی بەباش وجوانی دەزانێت .

**٤٩- گوناهـ وتاوان جۆرێکە لەو یارمەتی کۆمەکانەی کە کەسی گوناهبار پێشکەشی دوژمنەکەی خۆی دەکات :**

چونکە خوای گەورە ئادەمیزادی تاقی کردەوە بە دوژمنێکی وا کە هەرگیز بەئەندازەی چاوتروکانێك لێی غافڵ و بێ ئاگا نابێت وخەو خۆراسی نیە وهەمیشە لەکەمین و بۆسەدایە بۆی تاوەکو فێڵی لێبکات وبیخاتە ناو ئەو تەڵەیەوە کە بۆی سازکردووە، وەهەر ڕێگایەکی تریش شك ببات خۆی پێ دەگەیەنێت بۆ ئەوەی هەرچی کردبێت لەخشتەی بەرێت وسەرپێچی وتاوان وگوناهـ وبێ فەرمانی پەروەردگاری پێ بکات لەم پێناوەشدا کەڵك وەردەگرێت لە بێچووە شەیتانەکانی ئادەمی و جنۆکە، ئەو دوژمنە سەرسەخت و ووچان نەدەرەش شەیتانی نەفرین لێکراوە .

**٥٠- گوناهـ وتاوان وا دەکات لە ئادەمیزاد خۆی لەبیر بچێتەوە :**

جا کاتێك مرۆڤ خۆی لەبیر چوویەوە ئەو کاتە جڵەو بۆ شەیتان شل دەکات کە بە ئارەزووی خۆی بەهەموو لایەکیدا بەرێت، بەبێ ئەوەی هیچ هێزێکی بەرگری بەرامبەر شەیتان بمێنێت، تاوای لێدێت ئەو کەسە خۆشی پشت گوێ دەخات، جا کە خۆشی پشت گوێ خست ( خودا پەنا بدات ) ئەو کاتە بەرەو هەلاکەت و تیاچوون دەڕوات، وەك خوای گەورە دەفەرموێت : ( **وَلَا تَكُونُوا كَالَّذِينَ نَسُوا اللَّهَ فَأَنسَاهُمْ أَنفُسَهُمْ أُولَئِكَ هُمُ الْفَاسِقُونَ** ) { الحشر ك ١٩ } واتە : وەك ئەو کەسانە مەبن کە فەرمانەکانی خوایان فەرامۆش کرد وپشتگوێیان خست، لەبەرامبەریشدا پەروەردگار سەرگەردانی کردن وخۆشیانی لەبیر خۆیان بردەوە ( نەیانتوانی کار وکردەوەیەکی باشی وابکەن کە سوودیان پێ بگەیەنێت بۆ دواڕۆژیان ) هەر ئەوانەشن لە سنوور وفەرمانی خوا دەرچوون.

خوای گەورە بە دوو جۆر سزای ئەو کەسانەی داوە کە خوای گەورەیان لەبیرچووەتەوە :

یەکەمیان : ئەوەیە خوای گەورە ئەو کەسەی لەبیر خۆی بردوەتەوە وهیچ گرنگیەکی پێ نادات.

دووەم : ئەوەیە خوای گەورە وای کردوە لەو کەسە تاوانبارە کە دەروونی خۆشی لەبیر بچێتەوە .

جا خودا پەنا بدات ئەگەر خوای گەورە کەسێکی لەبیر خۆی بردەوە، ئەوە ئەو کەسە

بەرەو تیاچوون وهەلاکەت وگومڕایی دەچێت، بەئەندازەی نزیکی دەستەکان لەدەمەوە ئەو کەسە لەتیاچوون نزیك دەبێتەوە، بەشێوەیەك ئەو کەسە خراپە ونەنگیەکانی خۆی نابینێت ولەبیری دەچێتەوە، وەهیچ کاتێکیش لەبیر ئەوەدا نابێت کە ئەو خراپە ونەنگیانەی لابەرێت ووازیان لێ بهێنێت، هەروەها سەرجەم نەخۆشیە دەرونیەکانی پەیوەندی بەدڵەوە لەیاد دەکات و هەست ناکات بە ئێش وئازارەکانی وهیچ کاتێکیش نایەت بەخەیاڵیدا کە چارەسەری ئەو نەخۆشیانە بکات ئەویش بەوازهێنانی لە تاوان وگوناهـ دەبێت .

بەڵێ خۆشەویستان ئەم کەسە بەجۆرێك تووشی نەخۆشی وئافاتی گوناهـ وتاوان بووە نەخۆشیەکەی لێی پیس کردووە وعیلاج وچارەسەری زۆر نارەحەت وئەستەمە چونکە هێندە لەتاوان وگوناهدا ڕۆچووە خوای گەورە مۆری ناوە بەسەر دڵیدا، کەسێکیش بەو شێوەیە بێت مەگەر خوای گەورە بە بەزەیی خۆی لە خەوی غەفڵەت بەئاگای بهێنێتەوە .

**٥١- گوناهـ وتاوان نازونیعمەتی ئامادەییەکانی خوای گەورە ناهێڵێت :**

گوناهـ وتاوان کاریگەری یەکجار گەورەی هەیە لەسەر لەناوچوون ولێسەندنەوەی ناز ونیعمەتەکانی خوای گەورە، وەك خوای گەورە دەفەرموێت : ( **لئن شكرتم لأزيدنكم ولئن كفرتم إن عذابي لشديد** ) { ابراهيم : ٧ } واتە : ئەگەر شوکر وسوپاسی خوای گەورە بکەن لەسەر نازو نیعمەتەکانی خوای گەورە ئەوە بۆتانی زیاد دەکەم، ئەو ئەگەر کوفر وشوکرانە بژێر وناسوپاسیش بن ئەوە بێگومان سزای من زۆر سەخت و توندە .

گوناهـ ئافەتی ئەو نیعمەتانەیە کە حازر ولەبەردەستن ومرۆڤ شادومانە پێیان، چونکە ناز ونیعمەتەکانی خوای گەورە بەردەوام دەبن لەگەڵ بەردەوامی طاعەت و گوێڕایەڵی مرۆڤەکان بۆ پەروەردگار، وە هیچ شتێکیش نیە بتوانێت وەك طاعەت وفەرمان بەرداری خوای گەورە وتەوبەکردن نازو نیعمەتە وون بوەکان بگەڕێنێتەوە بۆ خەڵکی، لەبەر ئەوەی ئەو نیعمەتانەی لای خوای گەورە هەن بەدەست نایەن بە طاعەتی زاتی حەق تەعالای ئەو نەبێت.

**٥٢- گوناهـ وتاوان خۆشەویستان وپشتیوان وکەسانی ئامۆژگاری کەر وبەسوود لە ئادەمیزاد دوور دەخاتەوە :**

مرۆڤ کە دەستی دایە سەرپێچی وناشەرعی ولەخودا ولەدین دووری، خوای گەورە لە بەرامبەردا کەسانی خۆشەویست وپشتگیری کەر وئەو کەسانەی لێ دوور دەخاتەوە کە هەمیشە ئامۆژگاری خێر وباشیان کردووە، کە هەموو ئەمانە هۆکاری بەختیاری

وخۆشبەختی مرۆڤن لەدونیادا، بەو ئەندازەیەی کەئەو شتە باشانەی لێ دوور دەکەوێتەوە بەو ئەندازەیەش شەیتان وسەربازەکانی لە جنۆکە وئینسانەکان لێ نزیك دەکەوێتەوە، هەمیشە خەریکی ئەوەن کەبەرەو هەڵدێر ولەناوچوون وگوناهـ تاوانی ببەن .

**٥٣- گوناهـ وتاوان هۆکاری تیاچوونی ئادەمیزادن لە دونیا ودواڕۆژدا:**

گوناهـ وتاوان نەخۆشی کوشندەن، هەرکاتێ حوکمڕان بوون بەسەر دڵ ودەروونی ئادەمیزادا، بێگومان ئەو کەسە دەکوژن وهیچ ئومێدێکی خێری تێدا ناهێڵن ئەگەر خوای گەورە ڕەحم نەکات، هەروەك چۆن لاشەی مرۆڤ تەندروست وچوست وچالاك نابێت بە خواردن وخواردنەوەی پاك وخاوێن وبەهێز نەبێت، وە بەئەندازەی ئەوەی ئەو کەسە چەندێك خواردن وخواردنەوەی پیس وبەسەرچووی بەکار بهێنێت بەو ئەندازەیەش تووشی چەندان نەخۆشی خراپ ومەترسیدار دەبێت، بەهەمان شێوە دڵ پێویستی بەخۆراکی ئیمان هەیە تاوەکو ڕۆحی پێ ئاسوودە ببێت، کاروکردوەی باشیش ئەو هێز وخۆراکە دەپارێزێت، تەوبە وگەڕانەوەش بۆ لای خوا وپەشیمانی دەربڕین هەموو مادە وخۆراکە ژەهراوی بووەکان بە گوناهـ وتاوان پاك دەکاتەوە، بە پێچەوانەشەوە بەردەوام بوون لەگوناهـ وتاوان بەرگری لە دڵ ودەروونی مرۆڤدا ناهێڵێت بەرامبەر بە فڕ وفێڵەکانی شەیتان وبێچووەکانی .

**٥٤- بەهۆی گوناهـ وتاوانەوە مۆر دەنرێت بەسەر دڵ وگوێی وپەردە دەهێنرێت بەسەر چاو وقوفڵ دەردێت لەدڵەکان :**

هەر گوناهـ وتاوانە وادەکات لە ئادمیزاد مۆر بنرێت بەسەر دڵی وقوفڵی لێ بدرێت وپەردە بهێنرێت بەسەر چاو وگوێیدا وحەق وڕاستیەکان نەبینێت وهیچ پێوەرێکی لانەمێنێت بۆ جیاکردنەوەی چاك لەخراپ، چونکە ئەو کاتە بەگومانی ئەو هەموو شتێك بۆ ئادەمیزاد ڕەوایە وشتێك نامێنێت پێی بووترێت حەڵاڵ وحەرام، بەکوورتی وەك ئاژەڵی لێدێت، تەنها هەموو خەم وخەفەتێکی تێرکردنی وورگ وعەورەتێتی، وەك خوای گەور لەبارەی ئەم جۆرە کەسانەوە دەفەرموێت : ( **وَلَقَد ذَرَأنا لجهنم كَثيرا من الجِن والإِنسِ لَهم قُلُوب لَا يفْقَهونَ بِها ولَهم أعين لَا يبصرونَ بِها ولَهم آذَانٌ لَا يسمعونَ بِها أُولَئك كَالأَنعامِ بلْ هم أضل أُولَئـك هم الغَافلُونَ )** { الاعراف : ١٧٩ } واتە : سوێند بەخوا ئێمە زۆرێك لە جنۆکە و ئادەمیزادمان بۆ دۆزەخ دروستکردووە، لەبەر ئەوەی کە دڵیان هەیە وکەچی حەقی پێ تێناگەن، چاویشیان هەیە کەچی حەقی پێ نابینن، گوێیان هەیە کەچی حەقی پێ نابیستن، ئائەوانە وەکو ئاژەڵ

وان ( لەشوێنکەوتنی هەواو ئارەزوویاندا )، بەڵکو ئەوانە لە ئاژەڵ خراپتر ووێڵترن، ئائەوانەن هەر غافڵ وبێ ئاگا لەحەق .

**٥٥- گوناهـ وتاوان وا ئەکات لە مرۆڤی باوەڕدار سارد ببێتەوە لەنوێژکردن وبەلایەوە شتێکی ئاسایی بێت ئەگەر نوێژێکی لەکاتی خۆیدا نەکات، یان هەر نەیکات .**

**٥٦- گوناهـ وتاوان دڵ کەڕ وکوێر ولاڵ دەکات :**

بەشێوەیەك کوێری دەکات لە بینینی ڕاستی وکار وکردەوەی چاکە، لاڵی دەکات ناتوانێت ووتەیەکی ڕاست وحەق ببێژێت، کوێری دەکات ناتوانێت خێر وچاکە وڕاستیەکان لە خراپە جودا بکاتەوە، کاتێك دەڵێین کەڕ وکوێر ولاڵ مەبەستمان ئەوە نیە چاوەکانی شت نابینن، یان گوێکانی دەنگ نابیستن، یان زمانی گۆ ناکات وناتوانێت قسە بکات، بەڵکو مەبەستمان کوێری وکەڕی ولاڵی دڵەکانە، کاتێك مرۆڤ دەستی دایە تاوان وگوناهـ وگوێی نەدایە ئەوەی کە خوایەکی بەدەسەڵات وبەتوانا وباڵادەست ئاگاداریەتی وچاوی لێیەتی، بێگومان وەك ئەو کەسەی لێدێت کە کوێر وکەڕ ولاڵ دەبێت، هەروەك خوای گەورە لەبارەی ئەم جۆرە کەسانەوە فەرموویەتی : ( **فَإنها لا تعمى الأبصار ولكن تعمى القُلوب التي في الصدور** ) {الحج: ٤٦} واتە : ئەوانە کوێری چاوە کانیان نین، بەڵکو دڵەکانیان کە لەسینەیاندایە کوێربووەتەوە وحەق نابینێت .

**٥٧- بەهۆی تاوان وگوناهەوە دڵی ئادەمیزاد تووشی خەسف وڕۆچوون دەبێت، هەروەك چۆن جێگایەك ڕۆدەچێت بەناخی زەویدا:**

گوناهـ وتاوان مرۆڤ دەبا بەناخی ئەو جێگایانەی کە کەسە سووك وڕسواکانی ناو کۆمەڵگای تیادا دەژی ودەیکات بەهاوڕێی ئەوانە، خراپ ئەوەشە ئەو کەسە هێندە ڕۆچووە لەتاوان وگوناهدا هەست ناکات بەو سووك وڕسوایەی خۆی، نیشانەکەشی ئەوەیە ئەم گوناهبار وتاوانبارانە هەمیشە لەگەڵ کەسانی بۆگەن وخراپەکار ومیکرۆبەکانی ناو کۆمەڵگا هەڵس وکەوت ومامەڵە دەکەن .

**٥٨- گوناهـ وتاوان دڵی مرۆڤ ئەسڕێتەوە ( مەسخی دەکات ) لەسەر ئەو شێوەیە کە خوای گەورە یەکەم جار بەپاکی خەلقی کردووە :**

گوناهـ وتاوان هەروەك چۆن شێواز وڕوومەتی مرۆڤ دێز وناشرین ونابووت دەکات بەوشێوەیەش دڵی ناشرین ونابووت دەکات ولەسەر شێوەی یەکەمجاری ناهێڵێت وئەیسڕێتەوە، بەشێوەیەك وەك دڵی ئاژەڵێکی لێ دەکات لەهەڵس وکەوت وڕەوشت

وطەبیعەتیدا وەك ئاژەڵی لێدێت، هەنێدك كەس هەن دڵیان وەك دڵی بەرازی لێدێت، ئەویش بەوەی لەخو وڕەوشت وكار وكردەوەیاندا وەك بەراز هەڵسوكەوت دەكەن، هەندێك دڵیش هەن بەشێوەیەك سڕاونەتەوە دڵیان چووەتە سەر دڵی سەگ وگوێدرێژ ومار ودوپشك وهەندێ ئاژەڵی قێزەون وپیسی تر، هەندێك كەسیش هەن هێندە لە ڕەوشتی مرۆڤایەتی خۆیان سڕاونەتەوە، ڕەوشتیان وەك ڕەوشتی سەگ وبەراز وگوێدرێژی لێهاتوە، جا ئەم جۆرە كەسانە دیووی ناوەوەیان ئەوەندە دەچێتە سەر ئەو ئاژەڵە قێزەونانە تاوای لێدێت دیوی دەر وڕوخساریشیان ( خودا پەنا بدات ) وەك ئەوانی لێدێت، هەروەك چۆن خوای گەورە شێوەی كۆمەڵێكی لە جولەكە سڕیەوە وخستینیە سەر شێوەی بەراز .

پاك وبێگەردی بۆ خودای باڵادەست و بەتوانا! چەند كەس هەیە ئێستا دڵەكانیان سڕاوەتەوە و چووەتە سەر دڵی ئاژەڵە پیس ونەگریسەكان وبەخۆشیان نازانن؟ وەچەند كەس هەیە كە سەرگەردان وسەرلێشێواو بوون بە مەدح وثەنای خەڵكی بۆیان؟ وە یان بێ ئاگا ومەغرور بوون بەچاوپۆشی خوای گەورە، یان ڕابواردن لەنازو نیعمەتی خوای گەورەدا بێ ئاگای كردوون، وادەزانن كە خوای گەورە ڕێزی لێناون، لەكاتێكدا ئەوان نازانن كە ئەمە جۆرێكە لە سزای پەروەردگار، هەست ناكەن پەروەردگار مۆڵەتی كەسی ستەم كار وگوناهبار تا ماوەیەك دەدات وچاوپۆشیان لێدەكات بۆ ئەوەی بگەڕێنەوە وبەخۆیاندا بچنەوە، خۆ ئەگەر سوودیان وەرنەگرت لەو دەرفەت ومۆڵەتە، ئەوە پەروەردگار بەشێوەیەك دەیانگرێت وسزایان دەدات كەڕزگاریان نابێت لەدەست خوای گەورە، لەمێژووی دوور نزیكیشدا چەندان كەسمان لەم شێوەیە دەكەوێتە بەرچاو، هەروەك پێغەمبەری خوا ( صلی الله علیە وسلم ) دەفەرموێت : **" إن الله لیملي للظالم حتی إذا أخذە لم یفلتە "** بوخاری ریوایەتی كردوە. واتە : خوای گەورە ماوەیەك مۆڵەت ودەرفەتی ستەم كاران ئەدات كە ستەم بكەن، بەڵام كاتێك گرتنی وسزای بۆ دابەزاندن، هەرگیز ڕزگاریان نابێت .

**٥٩- گوناهـ وتاوان دەبێتە هۆی ئەوەی كەسی گوناهبار بكەوێتە ناو فێڵی خوای گەورەوە، چونكە ئەوان هەمیشە خەریكی فڕوفێڵن لە باوەڕداران:**

گومانی تێدا نیە صیفەتی ( مكر ، فێڵ ) یەكێك نیە لە صیفەتە ثابتەكانی خوای گەورە، بەڵكو خوای گەورە زۆر زۆر پاك وبێگەردە لە هەموو صیفەتێكی ناشیاو، بەڵام كاتێك دەڵێین خوا فێڵ لەبێباوەڕان دەكات لەبەرامبەر فێڵی ئەوان دێت بۆ بڕواداران .

**٦٠- یەکێکی تر لە کاریگەریگەریەکانی تاوان وگوناهـ ئەوەیە کەسی گوناهبار هەموو شتێك بە هەڵەوگەڕاو تێدەگات ودڵی تووشی نسکۆ وهەڵگەڕانەوە دەبێت:**

بەشێوەیەك حەق وڕاستی بە باتڵ دەزانێت وچاکەش بەخراپە تێدەگات، وخراپەش بە شتێکی زۆر باش دەزانێت، دەست دەداتە خراپە وخراپەکاری بە گومانی خۆی وادەزانێت کە چاکسازی دەکات، بووە بە ڕێگر ولەمپەر لەبەردەم بانگەوازی خوای گەورەدا، کەچی وادەزانێت خزمەت بەدینی خوا دەکات، شەو ڕۆژ لەناو تاوان وگومڕایی دا دەتلێتەوە، بەلای خۆیەوە واگومان دەبات کە لەسەر هیدایەت وڕێنمونیە ( خودا پەنا بدات ) .

**٦١- گوناهـ وتاوان پەردەیەك دروست دەكات لەنێوان ئادەمیزاد وخوای گەورە لەدونیا ودواڕۆژدا:**

لەدونیادا گوناهـ واداەکات کەسی گوناهبار بە ئەستەم بگاتە ناسینی تەواوی خوای گەورە، لە دواڕۆژیشدا لەوەی دونیا گەورەتر دەبێت، کە دەخرێتە ناو ئاگری دۆزەخەوە وبێ بەش دەکرێت لەبینی پەروەردگار کە خۆشترین نیعمەتی ئەهلی بەهەشتە، وەك خوای گەورە دەفەرموێت : ( **كلا بلْ رانَ علَى قُلُوبِهم ما كانوا يكْسِبونَ (١٤) كلا إنهم عن ربهم يومئذ لَمحجوبونَ (١٥)** ) { المطففين : ١٤-١٥ } واتە : نەخێر ( ئەو نەفمانە تێناگەن ) بەڵکو دڵیان ژەنگی هێناوە وچڵکی گوناهـ وتاوان دایپۆشیوە، لەسەرەنجامی ئەو کاروکردەوانەی کەدەیانکرد **(١٤)** نەخێر ڕزگاربوونیان نی یە، چونکە بەڕاستی لەو ڕۆژەدا ( ڕۆژی دوایی ) بەربەست هەیە لەنێوان تاوانباران وپەروەردگاریاندا وبێ بەش دەبن لەبینی زاتی ئەو **(١٥)** .

**٦٢- بەهۆی تاوان وگوناهەوە مرۆڤ ژیانێکی ناخۆش وکولە مەرگی دەباتە سەر :**

لەدونیادا کەسی گوناهبار وتاوانبار لەبەر ئەوەی هەمیشە لەدڵە ڕاوکێ وخەم وپەژارە وکێشەدایە لەگەڵ خێزان وهاوڕێ وکۆمەڵگەدا هەست بەتاوان دەکات، ئەمەش وای لێ دەکات ژیانێکی پڕ چەرمەسەری وناخۆشی هەبێت، بەهۆی کاروکردەوەی خراپیشیەوە ژیانی ناو گۆڕ وپاشەڕۆژیشی ( خوا پەنامان بدات ) دۆزەخ وناو ئاگر دەبێت، وەك خوای گەورە دەفەرموێت : ( **ومن أعرض عن ذكْري فَإن لَه معيشةً ضنكًا ونحشره يوم الْقيامـة أعمـى** ) { طه : ١٢٤ } واتە : هەرکەس پشت هەڵبکات لەبەرنامەی ئیسلام ویادی من، ئەوە لەدونیادا ژیانێکی ناخۆش وپڕ کێشە وچەرمەسەری دەبێت، ولە پاشەڕۆژیشدا بەکوێری حەشری دەکەین .

گومانی تێدا نیە ژیانی ناخۆش وپڕ کێشەو چەرمەسەری هاوتایە لەگەڵ ژیانی هەموو

کەسێك کە پشت لەبەرنامەی پەروەردگار بکات .

# سەرەنجامی ئەم سزایانە

هیچ کەسێك سەلامەت نابێت بەسەلامەت بوونێکی تەواو، هەتاوەکو سەلامەت نەبێت لە پێنج شت :

لە هاوەڵ پەیداکردن ( الشرك ) کە پێچەوانەی یەکتاپەرستی یە، وە لەبیدعە وزیادکردن وداهێنان لەدیندا کە پێچەوانەی سوننەتی پێغەمبەری خوایە ( صلی الله علیه وسلم )، وە سەلامەت بێت لە شەهوەتە حەرامەکانی دونیا کە پێچەوانەی فەرمانی خودایە، وە لە غەفڵەت وبێ ئاگایی کە پێچەوانەی یاد وذکری پەروەردگارە، وە لەکۆتایدا سەلامەت بێت لە هەواو ئارەزوەکانی کە پێچەوانەی یەکلایی بوونەوەیە بۆ خوا، لەسەروو هەموو ئەمانەشەوە ئیخلاص وکار کردن لەبەر ڕەزامەندی زاتی حەق تەعالای خوا هەموو ئەو شتانە دەگرێتەوە کە باسمان کرد .

ئەم پێنج گوناهـ وتاوانەی ئاماژەمان پێدا ئادەمیزاد دوور دەخاتەوە لەپەروەردگاری، وە لەژێر هەر یەکێکیش لەوتاوانانە کۆمەڵێکی زۆر تاوان جێگایان دەبێتەوە کە لەژمارە نایەن، جا لەبەر ئەوە زۆر پێویستە باوەڕدار هەمیشە لەخودا بپاڕێتەوە کە هیدایەتی بدات بۆ سەر ڕێگای ڕاست وبەردەوامی بکات لەسەر دەست گرتن بەئاینی پیرۆزی ئیسلامەوە، ئەوەش بزانن ئەوەندەی باوەڕدار پێویستی بەم نزاو وپڕانەوەیە هەیە هێندە پێویستی بە شتی تر نیە، وە هیچ شتێکیش نیە بەئەندازەی ئەم دوعایە سوودمەند بێت بۆی، چونکە هیدایەت وەرگرتن وبەردەوام بوون لەسەری زۆر زانست وزانیاری وکاروکردەوەی پەنهان وئاشکرا لەخۆی دەگرێت، بەڵێ درێژەی باسی ( الصراط المستقیم = ڕێگای ڕاست ) پێ دەچێت ئادەمیزاد پەی پێ بەرێت وشارەزا بێت لێی، هەروەك چۆن پێش دەچێت نەیزانێت وبێ ئاگا بێت لێی، هەروەها پێ دەچێت ئەوەشی نایزانێت وبێ ئاگایە لێی زیاتر بێت لەوەی کە دەیزانێت وشارەزایە لێی، وە ئەوەشی بە ئاگایە لێی وشارەزایە پێی دەشێت توانای بەسەردا بشکێت ودەشکرێت نەتوانێت ئەنجامیان بدات کە ئەوەش ڕێگای ڕاستە ئەگەر بێ دەسەڵاتیش بێت بەسەریدا، لەدوایدا ئەوەشی توانای هەیە بەسەریدا هەندێ جار دەکرێت نەفس ودەروونی حەزی پێ بکەن، هەروەك چۆن دەکرێت حەزیشیان پێی نەبێت

لەبەر تەمەڵی وکەمتەرخەمی یان لەبەر بوونی ڕێگرێك یان هەرشتێکی تر، جا ئەوەشی نەفس ودەروونی پێی خۆشە وحەزی پێیەتی هەندێ جار جێ بەجێیان دەکات وهەندێ جاریش پشتگوێیان دەخات ونایانکات، وە ئەوەشی ئەنجامیان دەدا بەمەرجەکانی ئیخلاص ولەبەر ڕەزامەندی خودا دەبێت، یان ئەو مەرجانەی تێدا نابێت، هەر لەم کاتەدا ئەوەشی بە ئیخلاص ولەبەر خاتری خودا دەیانکات، هەندێ جار بەو پێیە دەبێت کە پێغەمبەری خوا ( صلی الله علیه وسلم ) ئەنجامی داون، یان بەو پێوەرە نیە ودوورە لە ( متابعە ) ی پێغەمبەری خواوە، دیسان ئەوەشی بە ( متابعه ) و جێگا پێ هەڵرگتنی پێغەمبەر ( صلی الله علیه وسلم ) ئەنجامیان دەدا ، پێ دەچێت بەردەوام بێت لەسەری ولانەدا لەسەری، هەروەك پێ دەچێت کاتێ بێت ودڵی بگۆڕێت، هەموو ئەوانەی کە باسمان کردن واقعی حاڵی خەڵکیە وبەپێی کەم وزۆریان کەم وزیاد دەکەن، ئەبێت ئەوەش بزانین ئادەمیزاد بەطەبیعەتی حالی خۆی لەسەر ئەم هیدایەتە نیە، بەڵکو هەرکاتێك ئەم هیدایەتە تەوکیل کرا بۆ طەبیعەتی ئادەمیزاد خۆی ئەو کاتە فەراغ وبۆشاییەك دروست دەبێت لەنێوان ئەو کەسە وهیدایەتدا، ئەمەش ئەو گەڕانەوەیە بۆ بێیاوەڕی کە خوای گەورە دووڕووەکانی بۆگەڕاندوەتەوە بەهۆی گوناهـ وتاوانەکانیانەوە، گەڕاندنیەوە بۆ طەبیعەتی خۆیان وئەو جەهل وستەمەی کە دەروونی ئەو دووڕوانەی لەسەر دروست کراوە .

پەروەردگاری خاوەن دەسەڵات لەسەرجەم کار وقەدەر وجێ بەجێکردنیدا، لە فەرمان وقەدەغکردنیدا لەسەر صراط المستقیم وڕێگای ڕاستە، خوای گەورەش بەڕەحم وفەزڵی خۆی هەرکەسێکی بیەوێت هیدایەتی دەدات، بەڵام ئەگەر هاتوو ئەو کەسە مصلح بوو بۆ ئەو هیدایەتە، وەهەرکەسێکیش بیەوێت بەدادپەروەری وحیکمەتی خۆی لەسەر ڕێگای ڕاست لای دەدا، گەورەترین سزای تاوانەکانیش لە دونیا ودواڕۆژدا ( خودا پەنامان بدات ) ئەوەیە کە باوەڕدار لەسەر ڕێگای ڕاست وهیدایەت لابدات ودوور بکەوێتەوە.

جا باوەڕداری خۆشەویست زۆر بەووردی سەرنج بدە لەدواڕۆژ بەچاوی حەقیقەت وڕاستی بیربکەرەوە لە دانایی وحیکمەتەکانی پەروەردگار لە هەردوو دونیادا، جا پاشتر چاك بزانە وعلمی یەقینت هەبێت وهیچ شك وگومانت نەبێت کە دونیا کێڵگە ومەزرەعەتە بۆ دواڕۆژ، وە پلە وپایەی خەڵکیش لە خۆشبەختی ونابەختیاری لە قیامەتدا وەستاوەتە سەر پلە وڕادەی ئیمان وکاروکردەوەی هەر کەسێك لەدونیادا.

## لەكۆتايدا ئەی چارەسەر چيه ؟

دوعا ونزا وپاڕانەوە باشترين وبەسوودترين چارەسەرە بۆ ئەم نەخۆشيانە ودوژمنی سەرەكی نەهامەتی وبەڵا وموصيبەتە، وڕێگر دەبێت لەدابەزينی ودەبێت بەهۆكاری بەرزبوونەوەيان لەسەر باوەڕدار، وەهەر كاتێكيش ( خودا پەنا بدات ) دابەزين بۆ سەر مرۆڤ ئەوە چاك بزانە ديسان دوعا ونزا وپاڕانەوە چەكی بەهێزی باوەڕدارە لەبەرامبەريدا .

دوعا ونزا وپاڕانەوە لەگەڵ بوونی بەڵا وموصيبەتدا سێ پلەيە :

**يەكەم :** ئەوەيە ئەو دوعا ونزايەی كە باوەڕدار دەيكات لەو موصيبەت وبەڵايە بەهێز ترە ولەناوی دەبات ودەيداتە دواوە .

**دووەم :** ئەوەيە دوعا ونزاكە لە بەڵا وموصيبەتەكە لاواز ترە، لەم كاتەدا بەڵا وموصيبەتەكە زاڵ دەبێت وئەو كەسە گيرۆدە دەبێت بەدەستيەوە، بەڵام هەرچەند ئەو دوعا ونزايە لاوازيش بێت دەبێت بەهۆی سووك كردنی ئەو بەڵا وموصيبەتە لەسەر كەسی گيرۆدە بوو .

**سێيەم :** ئەوەيە هەريەك لە دوعا ونزا وبەڵا وموصيبەتەكە لەيەك ئاستدان، بەشێوەيەك هەردوولايان بەرامبەر يەك دەوەستنەوە .

لەم بارەيەشەوە پێغەمبەری خوا ( صلى الله عليه وسلم ) فەرموويەتی : **" لايغني حذر عن قدر، والدعاء ينفع مما ينزل ومما لم ينزل، وإن البلاء لينزل فيلقاه الدعاء فيعتلجان إلى يوم القيامة "** [٨] واتە : ترس ودڵەڕاوكێ هيچ سوودی نيە لەگەڵ قەدەری خوادا، دوعا ونزاش سوودی هەيە لەبەرامبەر ئەو بەڵا وموصيبەتانەی كە دابەزيوون وئەوانەش كە دانەبەزيوون، بەڵا وموصيبەت دادەبەزێت، دوعا ونزا لەئاسمان پێی دەگات هەتا ڕۆژی دوايی دەكەوێتە زۆران لەگەڵيدا ودەستە ويەخە دەوەستێتەوە.

---

(٨) ئيمامی ئەحمەد ڕيوايەتی كردووە، لە مەسنەدەكەيدا، ( ٢٣٤/٥ ) لە حەديثێكی مەعاذی كوڕی جەبەلەوە ( خوای لێ ڕازی بێت ) هەروەها ئيمامی تورموذيش ڕيوايەتی كردوە بە فەرموودەی ژمارە ( ٣٧٨٠ ) لە فەرموودەيەكی عەبدوڵای كوڕی عومەرەوە ( خوای لێ ڕازی بێت ) بەڵام بەبێ بوونی دەستەواژەی ( وإن البلاء لينزل .... )، هەروەها حاكميش بە لەفظەكەی ئيمامی ئەحمەد بەتەواوی ڕيوايەتی كردووە، لە فەرموودەيەكدا كە عائشەی دايكی ئيماندادران ( خوای لێ ڕازی بێت ) ڕيوايەتی كردووە، شيخ ئەلبانی يش ئەم فەرموودەيەی بە فەرموودەيەكی حەسەن داناوە، هەروەك لە ( صحيح الجامع ) دا بە فەرموودەی ژمارە ( ٧٧٣٩ ) هاتووە .

لەفەرموودەیەكی تردا هاتووە كە دەفەرموێت : **" من لم یسأل الله یغضب علیه "** [٩]
واتە : هەركەس داوا لەخودا نەكات و لێی نەپاڕێتەوە خوای گەورە لێی تووڕە دەبێت .

**خوشك وبرایانی بەڕێز:**

ووتەكانی ابن القیم لێرەدا كۆتایان هات سەبارەت بە سزای تاوان وسەرپێچی وگوناه لە دونیادا، بەڵام سزای ئەم گوناهـ وتاوانانە لە دواڕۆژدا زۆر سەختر وگرانترە ( خودا بمانپارێزێت لێیان ) .

جا دەپرسم ئایا ئێستا كاتی ئەوە نەهاتووە پێش ئەوەی مردن یەخەمان بگرێت وفریشتەی گیان كێشان بێتە سەرمان، تەوبە بكەین وبگەڕێینەوە بۆلای خوای گەورە وبەو پەڕی دڵسۆزی ولێ بڕانەوە پەشیمانی دەربڕین وداوی لێخۆش بوون لەو زاتە بەڕەحم ومیهرەبانە بكەین .

ئەی پەروەردگاری باڵادەست وبەتوانا وخالقی زەوی وئاسمان بە ناوە جوان وصیفەتە بەرزەكانت داوات لێ دەكەین لە گوناهی هەموو لایەكمان خۆش ببە وسزامان نەدەیت بەهۆی گوناهـ وتاوانی خۆمان وگێل ونەفامەكانمان، چونكە بەڕاستی تۆ لەهەموو كەس بەڕەحم ومیهرەبان تری ( ئامین یارب العالمین ) لێمان قبوڵ بفەرموو .

**وصلى الله وسلم على سیدنا محمد وعلى اله وصحبه وسلم**

**سبحان ربك رب العزة عما یصفون وسلام على المرسلین والحمد لله رب العالمین .**

**واخر دعوانا ان الحمد لله رب العالمین .**

---

[٩] ئیمامی ئەحمەد ڕیوایەتی كردووە ( ٤٤٢/٢ ) هەروەها ئیمامی تورموذیش بە فەرموودەی ژمارە ( ٣٥٩٧ ) ڕیوایەتی كردوووە، لەفەرموودەیەك كە ئەبو هورەیرە ( خوای لێ ڕازی بێت ) گێڕاویەتیەوە، شێخ ئەلبانی یش لە ( صحیح الجامع ) دا بە ژمارە ( ٢٤١٨ ) بە صەحیحی داناوە .